# خوێندنەوەو داڕشتن

لوقمان ڕەئوف

2005

# پێرست

سەرەتا
-زمان چییە.
-ئامانجەکانی زانستی زمان.
-مێژوویەکی کورتی خوێندنەوە.
-گرنگی خوێندنەوە.
-چەمکی خوێندنەوە.
-کەسپکردنی ئەدەبی.
-شێوازەکانی خۆشەویستکردنی خوێندنەوە لەلای قوتابیان.
-هۆکارەکانی فێرکردنی خوێندنەوە.
-کێشەکانی وانەی خوێندنەوە.
-قۆناغەکانی فێرکردنی خوێندنەوە.
-جۆرەکانی خوێندنەوە 1- بێدەنگ 2- بەدەنگ.
-مەبەست و ئامانجی خوێندنەوە ( گشتی، تایبەتی )
-مەرجەکانی خوێندنەوەی سەرکەوتوو.
-بنەماکانی خوێندنەوەی ڕەوان و راست.
-هەڵەی قوتابیان لەخوێندنەوەدا.
-هۆکارەکانی لاوازی قوتابی لەخوێندنەوەدا.
-چارەسەرکردنی لاوازیەکان بەشێوەیەکی راست.

# پێشەکی

**خوێندکاری بەڕێز:**

ئەم پرۆگرامەی لەبەردەستدایە بریتیە لەناسێنەرو ڕێنیشاندەرێکی باش وەك وتنەوەی هەر یەکێك لەوانەکانی (خوێندنەوە، دارشتن)، ئەمە جگە لەخستنە روی جوغزی هەریەکە لەم دوو بابەتەو فێرکردنی یاساو ڕێساکانی خوێندنەوەو دارشتنێکی ڕاست و دروست، بۆیە لەلایەك پاراستنی ئەرکێکی پیرۆزەو لەلایەکی تریشەوە بایەخپێدان و خوێندنەوەو...ی ئەم پرۆگرامە، هەم کارو پیشەکەت پیرۆز تر دەکات، هەم کەسایەتێکی زانستیش بونیاد دەنێت.

ئیمرۆ کوردستان لەبواری پەروەردەو فێرکردندا، پێویستی بەکرداری پەرەپێدان و چاکردن و گۆڕین و گەشەسەندنی سەراتاپاگیری هەیە، بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەکانی خوێندن و شێوازی فێرکردن و کردنەوەی خولی پسپۆڕی و تایبەتی بۆ شێوازو ڕێگای وتنەوە زۆر پێویستە، لەپێناو پڕچەك کردنی مامۆستایان.

زانایان هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کەزمان یەکەیەکی سەربەخۆی یەکگرتووە. هەر نەتەوە یەکیش خاوەنی زمانێکی تایبەتە کەتایبەتمەندە بەخۆی.

کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی جیهان خاوەنی زمانێکی سەبەخۆیە کە دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی زمانە هیندو ئەوروپیەکان.

هەر چەندە زمان، دابەش دەبێت بەسەر چەند لقێکی جیاجیادا وەکو خوێندنەوە، نووسین، گفتوگۆ، دارشتن، لەبەرکردن، رەوانبێژی....هتد بەڵام هەموویان پەیوەستن بەیەکەوە یەکەی زمان پێکدەهێنن.

لەبەرئەوەی بەشی خوێندنەوەو دارشتن دوو لقی زۆر گرنگن لەفێربوونی زماندا. ئەرکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارامەیی‌و چالاکی‌و شارەزایی مامۆستا، بەدانانی نەخشەو پلان و ڕێگەی لەبار، بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندیی زەینی قوتابیەکان بەنیشانەو دەنگەکان ئاشنا بکات، تاوەکو فێری خوێندنەوەی ئێسك و ناوی پیت و دەنگەکان ببێت.

خوێندنـەوەی ڕاسـت و ڕەوان کلیلـی گەنجینـەی هـەموو فێربـوون و فێرکردنێکـە، بەپێچـەوانەی خوێندنـەوەی پچرپچـڕو وەسـتان و لاواز، پێویسـتە باشـترین ڕێگـا هـەڵ ببـژێرێت بـۆ وتنـەوەی، تـاوەکو قوتـابی خوێندنـەوەی بـەگورجی و ڕەوان و بێگرێ و ڕاست بێت. ئاستی هۆشیاری زمـان پاراوی لەوەدایـە کـەبتوانێت بەچاکی دەری ببڕێـت و لاواز نـەبێت، خوێندنــەوە کاریگـەری هەیـە بـۆ سـەر کەسـێتی خوێنـدکارو گەشـەکردنی، بـەلاَم ئـەوەی خوێندنـەوەی لاواز بێـت لەلقـەکانی تـری زمان و وانەکان تریشدا لاوازە.

خوێنــدکاری ئــەمڕۆی پــەیمانگا مامۆسـتای سـبەینێی جگەرگۆشـەکانە، دەبێـت لەهەموو لقەکانی زماندا، شارەزایی هەبێت و خۆی قـاڵ بکـات بەگـەڕان و پشکنین وتوێژینەوە چوست و چالاك بێت، تەنها پـەرموودەی لەسـەر ئـەو چـەند لاپەڕەیـە نەبێت کەلە پەیمانگا دەیخوێنێت، هەوڵ بدات تابتوانێت ئـەو ئەرکـە پیرۆزەی کـە کەوتوەتـە ئەسـتۆی بەچـاکی بەئـەنجامی بگەیـەنێت. ئـەویش خزمـەتی گـەورەو بــەهای زمــانی کوردییــە، ئێمــەش هیــوادارین کــەتوانیبێتمان بەبــژارکردن و ڕێکخستنی ئەم بەرنامەیە بەردێکمان خستبێتە سـەر بناغـەی کۆشکی پـەروەردەی نوێی کوردی.

# سەرەتا

بەبێگومان ئەبێت هەمووومان هەست بەو گۆڕانە قوڵە بکەین کەلە ناخی کۆمەڵدا هاتوەتە دی. ئەم سەردەمەی کە ئێمە تیا دەژین سەدەی فەرمان و کارکردنە، پێویستی بەوردبینی و خێراییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە کەوتوتە ئەستۆمان. ئەمڕۆ زانایانی پەروەردە لەو بڕوایەدان کەئەرکی سەرشانی مامۆستا تەنها وتنەوەی وانە نیەو بەس، بەڵکو دەبێت بایەخێکی بێپایان ئەدەن بەپێگەیاندنی هۆش و بیرو ڕەوشی منداڵ، چونکە منداڵ سەرچاوەو سامانێکی لەبن نەهاتووەو دەبێت وا پەروەردە بکرێت کەلەپاشەڕۆژدا بڕوای بەخۆی هەبێ لەجێبەجێکردنی گیروگرفت و پێویستیەکانی ژیان کەرۆژ بەڕۆژ ئاڵۆزو سەخت تر دەبن.

زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ دەربڕینی خولیای هەستی دەرونی مرۆڤ، زمان مەڵبەندی ویژدان و هەڵسوڕانی ڕەوشت و پەروەدەییە لەناو کۆمەڵ و خێزان دا. بەهۆی زمانەوە فەیلەسوفەکان تیۆری زانستی خۆیان خستەڕوو، رەوشتی چاك و کردەوەی چاکیان داهێنا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی. زمان جەوهەری بیرکردنەوەیە، هیچ ئیشێکی مێشك هەڵ ناسوڕێت بەبێ بەکارهێنانی وشەو ئاشکرا کردنی بیرەکەی. بەکورتی دەست ڕۆیشتن لەزمانداو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، خۆماندوکردن و زیرەکییەکی زۆری دەوێت، تاوەکو بەشێوەیەکی بەرهەمدار، بیروهۆش لەوشەو نیگاردا ببزۆێ.

ئاشکرایە زمان ڕۆڵێکی زۆر باڵاو گرنگی هەیە لەژیانی مرۆڤدا، بەهۆیەوە مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ترو دەوروبەریدا دیاری دەکات، هۆی سەرەکی دروستبوونی کۆمەڵ و پاراستنی شارستانیەتیو بەرەو پێش بردنیەتی، ئەم گرنگیەش وای لەهۆشمەندان و پسپۆران کردوە کەتێبینی بکەن و لێی بکۆڵنەوەو توێژینەوەی لەسەر بکەن لەهەموو سەردەم و قۆناغەکانی ژیانی گەلاندا.

## زمان چییه؟

پێناسەکردنی دیاردەیەکی وەکو زمان کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە لەزۆر ڕوانگەی جیاوازەوە سەرنج دەدرێو هەر پسپۆڕێك لەچوارچێوەی پسپۆڕیەکانی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، کەواتە پێناسەی زانایانی دەروناسیو زانایانی زمانەوانیو دەنگسازی و فەیلەسوفەکان وەك یەك نابن، بۆیە دەیان پێناسەی جیاواز بۆ زمان کراوە، لێرەدا چەند پێناسەیەك لەڕوانگەی زمانەوانیەوە دەخەینە ڕوو:-

1/ زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتڕگەیشتن ، دەکرێت بەچەند دانەیەکی وردەوە( مۆرفیم ) کە هەریەکەیان خاوەنی واتاو فۆرمن( مادپنیپ)ە.

2/ زمان پەیرەوێکی دەنگییەو بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاردێت و بەهۆی رشتەی(جهاز) وتن و بیستنەوە لەکۆمەڵێکی دیاریکراودا کاردەکات، دەنگەکان ڕەمزن و واتا لەخۆوە وەردەگرن (واتە خودی کۆمەڵەکە ئەو واتایە ناو دەنێت).

3/ زمان کۆمەڵە رستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات( چۆسکی)

4/ زمان بریتییە لەکۆمەڵە یاسایەك بۆ مەبەستی لەیەکتر گەیشتن و جێبەجێکردنی پێداویستەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ، لەهەرەوەزیکردنی شارستانیەت و پاراستنی بیری نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر.

## ئامانجەکانی زانستی زمان:

ئامانجی هەرە سەرەکی زانستی زمانی نوێ، دەستنیشانکردنی ئەو یاساو لۆجیکە گشتیەیە، کەهەموو زمانانی جیهان بەهۆیانەوە کار ئەکەن و هەڵئەسوڕێن. دەست نیشانکردنی ئەم یاساو لۆجیکە گشتییە، ئەبێتە بناغە بۆ تێگەیشتنی چەمکی زمان وەك دیاردەیەکی گشتیو چۆنیەتی کارکردنی مێشك، چونکە ئەو لۆجیکەی زمان بەهۆیەوە کار ئەکات و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم لۆجیکەی کارکردنی مێشکەوە هەیە.

زانستی زمان ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو جیاوازیانەی نێوان زمان ڕوی دەردەویان دەگرێتەوە، ئەگینا لەبناغەدا یەکەن، جیاوازی نێوان دوو زمان وەك جیاوازی نێوان دوو کەس وایە، کەسەیریان ئەکەین سەروسیمایان جیاوازە، بەڵام لەڕووی بایۆلۆجییەوە چۆنیەتی کارکردنی ئەندامەکانیان یەکن.

ئاشکرایە زمان دابەش ناکرێت بەسەر خودی خۆیدا، چونکە زمان کتلەیەکی سەربەخۆیەو بەدابەش بوونی لەزمان دەکەوێت، واتە بەهەموو ئەو شتانەوە زمان دروست دەبێت، لەگەڵ ئەمەدا دەتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر چەند لقێکدا کەئەوانیش:




## ئەم دابەشکردنەش کە کراوە لە پێناوی دوو شتدایە کەئەوانیش:

1- ئاسانی ڕێگای فێربوون.

2- زو هێنانەدی مەبەستی پەروەردەیی.

ئەو پیتانەی کەئێمە لەنوسیندا بەکاریان دێنین، چەند نیشانەیەکن بۆ چەند دەنگێکی تایبەتی دانراون، لەبەرئەوە فێرکردنی خوێندنەوە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دانانی چەند پەیوەندیەکی زەینی لەنێوان ئەم نیشانەو دەنگەکانیان، بۆیە ئەو کەسەی کەفێری خوێندنەوە دەبێ کەچاوی بەو نیشانانە دەکەوێت، یەکسەر دەنگەکانی دێتەوە یاد، بەپێچەوانەوەشەوە کەگوێی لەدەنگەکان بوو، یەکسەر نیشانەکانی بەبیردا دێت، واتە گواستنەوەی زەین و هۆشی پیت بۆ دەنگ، بەپێچەوانەوە نوسین سەرهەڵدەدات، واتە بریتیە لەنەخشەکێشانی پیتەکان کەنیشانەن بۆ دەنگەکانیان:

**خوێندنەوە: ئێسك(وێنە)+ واتا (ناوی پیت) + دەنگ**

**نوسین: دەنگ + واتا ( ناوی پیت) + ئێسك(وێنە)**

خوێندنــەوە دەبێــت وەكـو قسـەكردن و گفتوگـۆ ڕەوا بێـت لەهـەموو رویەكـەوە (بەشـێوەیەكی سروشـتی ڕەوان) ئەمـەش لـەپێناوی ئەوەدایـە كـەكار لـەو كەسـانە بكـــات كـــەگوێیان لییـــە ( خوێندنـــەوەی هەواڵـــەكان)، لـــەپێناو گەیشـــتن بەخوێندنەوەیـەكی لـەم جـۆرە1- پێویسـتە لەبەرچـاو قوتابیەكانـدا بەشـێوەیەكی سروشـتی و كاریگـەر بیخوێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە پێشـەنگ بۆیـان، پاشـان داوا لـەو خوێنـدكارە بكـات كـەدەنگێكی گونجـاو و توانـای خوێندنـەوەی هەیـە لەسـەر هەمان شێوە بیخوێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەوانی تـریش هـان بـدات لەگـەڵ هاوكـاری مامۆستاو شـێوازی گـۆكردنی تـەواودا بیخوێنـەوە، ئـەم گرنگیدانـەش لـەگۆكردن و شـێوازەكانی دەربڕینـدایـەو دەبێـت كەئەمـەش پـاش خوێندنـەوەی خێـرا دەبێـت، واتە پێویستە مامۆستا لەخوێندنەوەدا دەبێت یەكەم جار بابەتەكە شی بكاتـەوە، دووەم- واتـای وشـەكان لێكداتـەوە، (واتـای گرێكـان، گـۆكردن، واتـای گشتی)پاشـان دەتوانرێـت بوترێـت مـافی تـەواوەتی دراوە بەبابـەتێكی خوێندنەوەكـە، ئەمــەش لـەپاش بڕینـی ئـەم قۆناغانـەش قوتـابی توانـای گفتوگـۆكردنی سـەرەتایی هەیـە لەسەر ئەم بابەتە، لێرەشەوە راستی وتنەوەی وانەكە دەردەكەوێت.

بـۆ فێربـونی هـەر زمانێـك چـەند شـتێك پێویسـتە كـەدەبێت خـودی كەسـەكە رەچاوی بكات، ئەم شتانەش گرتنەبەری چـەند رێگـاو هۆكارێكن بـۆ ئـەم حاڵەتـە، راسـتە كلیلـی فێربـوونی زمـان (خوێندنەوە)یـە، ئەمـە بـەو واتایـە كەخوێندنـەوە سوكترین و ئاسـانترین رێگایـە كـە مـرۆڤ بیگرێتـە بـەر بـۆ فێربـوونی زمـان، بـەبێ ئەوەی كـات و شـوێن كـەس رێـی لێ بگرێـت، یـاخود پێویستی پێـی هەبێت،چـونكە خــودی كتێبەكــە دەبێتــە كەســی دووەم، ئەمـــەش لـــەڕوی گونجـــان و ئاســـانی بەكارهێنانـدایــە، ئـــەگینا مـــرۆڤ بەتـــەواوی ناتوانێـــت لەرێگـــەی خوێندنـــەوەوە بەتەواوی فێری زمـان بێـت، بـەڵام ئـەتوانێت زۆربـەی فێربوونـە كـە بهێنێتـە دی،

لەم بوارەدا گەلی کورد ئەزمونێکی زۆری هەیە، بۆ نمونە زۆر لەو کەسانەی کەفێری زمانی عەرەبی بوون، یەکەم هەنگاو بۆ ئاسانکاری فێربوونەکەی خوێندنەوە بووە، لێرەشەوە بەزوترین کات ئەو کەموکوڕیانەی لەرێگەی خوێندنەوەوە فێری نەبووە، پڕبونەتەوەو فێری بووە، بەلأم بەپێچەوانەوەو گرتنەبەری رێگاکانی تر فێربوونی زمان ئاڵۆزتر دەکات، ئەم فێربوونەش زیاتر زمانی ئەدەبی مەبەستە نەك زمانی زارەکی.

ئەو پیتانەی کەئێمە لەنوسیندا بەکاریان دەهێنین، چەند نیشانەیەکن و بۆ چەند دەنگێکی تایبەتی دانراون، لەبەر ئەوە فێرکردنی خوێندنەوە لەبنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند پەیوەندیەکی زەینیـو هۆشەکی لەنێوان نیشانەو دەنگەکانیان دا

## مێژویەکی کورتی خوێندنەوە

مرۆڤ هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە، خاوەنی زمانێکی سادەو ساکار بووە، بەتێپەر بوونی چەندین سەدەو چاخ، زمان وردە وردە گەشەی کردوە، بەپێی سەردەمی خۆشی هەر کۆمەڵێك کاروباری ژیانی خۆیانیان پێ راپەراندوەو لەیەك گەیشتون، بەلأم بەبێ گومان نوسینی نەبووە، چونکە ئەو توانایەی نەبووە کەوێنە بۆ دەنگەکان دابنێت، تاوەکو ئامرازو هۆکارەکانی نوسین ئامادە بکات، بۆیە مێژوش ئەوەمان بۆ دڵنیا دەکاتەوە کەخوێندنەوە لەدوای نوسین سەری هەڵداوەو مێژوی نوسینیش دەگەڕێتەوە بۆ پاش دانانی وێنە بۆ دەنگەکان، دیاریشە کەلەسەرەتاوە جۆرەکانی نوسین ساکارو هەمە جۆر بوون، تا دواتر (فینیقیەکان) وێنەیان بۆ دەنگەکانیان دانا، واتە یەکەمین داهێنانی ئەلف و بێ لەلایەن ئەمانەوە بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ (2000) ساڵ پ. ز ، ئەم پیتانەش لەڕاستەوە بۆ چەپ بوون و(22) پیتیان هەبووە.

دوابەدوای ئەمە ڕۆژ بەڕۆژ ئاسانکاری لەجۆری وێنەکاندا دەکرا، تا گەیشتە ئەوەی کەسود وەرگرتن لەیەکتری و نزیک بوونەوە لەنێوان وێنەی دەنگی زمانەکاندا بێتە کایەوە.

جگە لەمان( 4000) ساڵ پ.ز، سۆمەریەکان جۆرێك لەوێنەیان هەبووە، کەدواتر مادەکان سودیان لەم وێنانە وەرگرتووە، چینیەکانیش (3000) ساڵ پ.ز لەلایەن ئیمپراتۆرەوە جۆرێك لەوێنەی پیتەکان داهێنراوە، لەکاتێکدا کۆنترین نوسراویان دەگەڕێتەوە بۆ (12-14) سەدە پ.ز، هەرچی زمانی ئاڤێستاشە خاوەنی ئەلفو بێیەکی تایبەتی بووە و کۆی گشتی پیتەکان (44) پیت بوون و لەڕاستەوە بۆ چەپ نوسراون، میدیەکان لەسەردەمی حکمڕانی خۆیاندا (700پ.ز)ئەم ئەلفوبێیەیان بەکارهێناوە و کردویانە بەئەلفوبێی نوسراوی ڕەسمی خۆیان، بەپێی (ابن وحشی نبطی کلدانی) جۆرە ئەلف وبێیەك لەکوردستاندا پێش ئیسلام بەکارهاتووە، بەڵام باسی لەوەش نەکردووە کە کورد بەکاری هێناوە، یان ئەو گەلانەی تر کەلێرەبوون.

لەپاش بلاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لەکوردستان و ولاتانی دراوسێ، راستەوخۆ کۆمەڵێ کاریگەری لەسەرناوچەکان بەجێ هێشت، ئەمەش لەبەردەست بەسەراگرتنی ناوچەکان و حکمکردنیان بۆ ماوەیەك، بۆ نمونە ئێران خاوەنی مێژووی خۆیەتی، یاخود،ئەفغان،پاکستان... کەچی هەر یەکەیان ئەلفوبێی عەرەبی بەهەندێ گۆڕینی فۆنەتیکی، یاخود لەسەر دروستکردنی و داتاشینی پیتێکی تر،بەکار دەهێنن، بەهەمان شێوەش گەلی کوردیش بەهۆی ئەم حاڵەتەوە ، ئەم ئەلفوبێ عەرەبیە بەکار دەهێنێت، هەرچەندە ئەم ئەلفوبێ عەرەبیەی ئێستا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەلفوبێی ئارامیەکان، کەعەرەبەکان لەمانەوە وەریان گرتووەو بەدرێژایی مێژو گۆڕانکاریان بەسەردا هێناوە، تا گەیشتوەتە ئەم ئەلفوبێیە، کوردیش بەهۆی نەگونجاندنی ئەم ئەلفوبێیە لەگەڵ دەنگەکانی زماندا لەسەر لەهەمان ئەلفوبێ چەند پیتێکی بەپێی فۆنەتیکی دەنگەکانی خۆی

بۆ داتاشیوەو ئێسکی جیاوازی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەمەشەدا هێشتا کەموکورتی ئەم ئەلفوبێیە لەبەرامبەر زمانی کوردیدا هەر ماوە.

# گرنگی خوێندنەوە

خوێندنەوە چالاکیەکە ( نشاط) تاك بەرجەستەی دەکات، لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاری و بیروخبرەکان، جگە لەمەش دەرگایەکە تاك پێیدا تێپەڕ دەبێت بۆ ناو بیری مرۆڤایەتی، لێرەشەوە ئاشنا دەبێت بەشارستانێو رۆشنبیری مرۆڤایەتیەکان بەکۆن و نوێوە، بەبێگومان گەر خوێندنەوە نەبوایە مرۆڤ بەدابڕاوی دەمایەوە، لەتاکە هاوڕەگەزەکانی لەڕوی بیرو کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها نەیدەزانی چۆن بەژیاندا دەگوزەرێت.

کەواتە خوێندنەوە هۆکارێکە لەهۆکارەکانی بەدەست هێنانی (کسب) ی زانست و زانیاری و پسپۆڕایەتی، جگە لەمەش لەڕێگەی ئەمەوە مێشك گەشە دەکات، واتە خۆراکی مێشکە، بەمەش ویژدان گەشە دەکات و سۆزی دەهەژێنێو جۆرە کەسایەتییەکی بۆ دروست دەکات، جگە لەمەش لەلایەنی پەروەردەییەوە باشترین هۆکاری پەروەردەیە، لەپێناو سەرنجراکێشان و فراوانکردنی بیرو زیادکردنی زانیاریو گەشەپێکردنی زمان، جگە لەمانەش هۆکاری گەیاندنە لەنێوان تاك و کۆمەڵگاکان و هەستانەوەیان لەڕێگەی دانانی کتێب و رۆژنامەو...هتد، هەروەك چۆن رۆڵی هەیە لەرێکخستنی کۆمەڵگادا، کەبەهۆیەوە مرۆڤ مافەکان و ئەرکەکان و رێگەی مامەڵەی لەگەڵ رێکخراوە مرۆییەکان و دەزگا دەوڵەتیەکاندا دەخاتە ڕوو. لەڕوانگەی پەروەردەیشەوە خوێندنەوە بەئەداتی کەسپکردن و بنچینە دادەنرێت، چونکە لەڕێگەی خوێندنی هەموو بابەتە و مەبەستە خوازراوەکان دێنە دی، بۆیە گەر قوتابی لەخوێندنەوەدا لاواز بوو، ئەوا زۆر گرانە لەوانەکان بگات، ئەمەش وا دەکات کە دواکەتوو تەمەڵ دەربچێت .

# چەمكی خوێندنەوە

خوێندنــەوە لەبنچــینەدا هەوڵدانێكــە بــۆ پەیوەســتكردنەوەی زمــانی قســەكردن بەزمانی نوسینەوە، كاتێك كەسێك سەیری وشەیەكی كرد كە هـەڵگری بـیر، یـاخود بەرەمزێكی پیتی ئاشـنابوو، لـەكۆگای بیریـدا وێنـەی بیرەكـەی هـەڵگرێت و لـەكاتی بینینەوەیـدا هـەمان دەنـگ بڵێتـەوە، ئەمـەش دەبێتـە زمـانێكی لـۆجیكی، بەمـەش دەوتـرێ (خوێندنـەوە)، كەواتـە خوێندنـەوە كـارێكی میكانیزمیـەو مەبەسـت لێـی گـۆكردنی پیتــەكان، یــان بــەش و وشــەكانە، لەڕاســتیدا ئــەم چــەمكە جــوغزی خوێندنــەوە بەتــەواوی ناپێكێــت چــونكە خوێندنــەوە كردارێكــی شــێوە ئــاڵۆزەو پێویستە رەگەزی تێگەیشتن بچێتە كرۆكیـەوە، واتـە فـەهمی خوێنـەر تێكـەڵ بێـت لەگەڵیدا، ئیتر ئایا پێی رازی بێت، یان خۆشحاڵ بێـت ، یـان تـورە......هتـد، ئـەم تێكەڵ بوونەش نایەتەدی تادوای گفتوگۆی خوێنەرو شیكار بـۆكردن و رێكـەوتن و بـەكارهێنانی لەهەڵوێستەكانی ژیـانی عەقڵیـدا، لەسـەر ئـەم بنەمایـەش دەتـوانین بڵێین كـە چـەمكی خوێندنـەوە هـەروەك كۆمـەڵێك دایاننـاوە، توانـای ناسینەوەی پیت و وشەو گۆكردن و گۆڕینیانە بۆ ئەو گوزەی كەواتاو بیر دەبەخشن.

بـەپێی دائـیرەی معـارفی مـرت-merit- خوێندنـەوە بریتییـە لەجێبـەجێكردنێكی عەقڵی بۆ شیكاركردنی رەمزەكانە نوسـراوەكان، ئـەم جێبەجێكردنـەش پێـك دێـت لەدوو كردار:-

1/ هەسـتكردنێكی(ادراك) حسـی بـۆ رەمـزە نوسـراوەكان، واتـە گـۆڕینی هەسـتە وەرگیراوەكانی وێنەو رەمزیەكان بۆ مێشك.

2/ شیكردنـەوەی ئەم هەسـتە دەماریانـە، یـاخود هەسـتانی مێشـك بەشـیكاركردنی ئەم هەستانە بۆ واتای مەعریفی.

لەگــەڵ ئەوەشــدا دائــرەی معــارفی-merit- چــەمكی خوێندنــەوەی بەئیــدراكی هەستی رەمزو ئیدراكی واتای ئەو رەمزەی دیاری كردووە.

بەلآم مامۆستا( ولیم كرافی) چـەمكی خوێندنـەوەی فراوانكـردوە، بـەوەی كـە دوو هــەنگاوی بــۆ زیادكردوە،ئــەوانیش نرخانــدنی بابەتــە خوێنراوەكــەو پاشــان

خۆگونجانـدن لەگـەڵ هەڵسوکەوتی بابەتـە خوێنراوەکـە لەڕوانگـەی بـیرو واتـاوە، ئەوەی ئاشکرایە وشە نوسراوەکان، یاخود بیستراوەکان، وێنەیـەکی بیرین لەهەست پێکراوەکـانی( چـاو،گوێ) ئـەو کاتــەش رەمزەکـان راسـت دەردەچـن و دەبنــە (وێنەیـەکی بـیری) لێکچـوو، کاتێـك کـە ئامـاژەی پـێ دەکرێـت لەڕونکردنـەوەی پێویست دا، هەروەها لـەم جۆرە بـارەدا توانایـەکی تایبـەتی هەیـە بـۆ چەسـپاندنی ئەو شتەی کە بتوانرێت واتای راستی لێ ببینرێـت، یـان بـەکارهێنانی بەشـێوەیەکی دروست.

کـاتێکیش رەمزەکـان پیـت و وشـەکانیان بـۆ دادەنرێـت، ئـەو کاتـە کـار لـەبیری واتای گونجاو دەکات، بۆیە پێویستە ئەم رەمزانەش نمونە بـن بـۆ ئـەو وشانەی کـە منداڵ دەیـان ناسێت، بەتایبـەتی لـەپۆلی یەکـەمی سـەرەتاییدا، چـونکە لـەقۆناغی یەکەمـدا، قوتـابی تێیــدا فێـری خوێندنــەوە دەبێـت، بــەپێی لێکۆڵینــەوەی (د. عبدالستار طاهر شريف) وشەدانی زمانەوانی منداڵ لـەم قۆناغـەدا(933) وشـەیە، جگە لەمەش منداڵی شار زیاتر لە(60) وشە لە منداڵی لادێ دەزانێ.

لەروانگەی ئەمانەشەوە دەتوانین بڵێین کە:

**خوێندنەوە**:- بریتییە لەگواستنەوەی زەین و هۆش پیتەکان بۆ دەنگەکان.

**خوێندەوە**:- بریتیە لەگۆکردنی پیت و وشەکان بەشێوەیەکی تەواوو دروست.

**خوێندنـەوە**:- میکانیزمی گەیانـدنی واتـای نوسـراوە لەڕێگـەی زمانـەوە، یـاخود میکـانیزمی واتایـە لەڕێگـەی زمـان و چـاوەوە، واتـە ( ئێسـك، واتا(نـاوی ئێسـك) + دەنگ).

لـەپێناو ئــەم فێربوونەشــدا هــەنگاوێکی زۆر گــرنگ هەیــە کــە پێویســتە هــەر لەسـەرەتای خوێنـدنـدا لەبەرامبـەر خوێنکـاردا بیگرێتەبـەر کـە ئـەویش قۆنـاغی ئامادەکردنە

**ئامادەکردن (استعداد)**: بریتیـە لـەئامادەکردنی قوتـابی لەلایەنـە جیاوازەکانـەوە، لەپێناو ئامادەکردنی لەبارێکی گونجاو بۆ شێوازێکی نوێی فێرکـردن و پێشکەوتنی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە.

ئاشکراشه که ئامانجی گشتی خوێندن زاڵبونی قوتابیه بەسەر دەبڕینی دەنگ و وشەو ڕستەکاندا، پاشان ئامانجی تایبەتی بەپێی بوونی خوێندنەوەکە دەگۆڕێت، ئەم دوو حاڵەتەش لەسەر بنەمای خوێندنەوەی ڕاست و دروست دێتە ئاراوە، دەبێت ئەوە بزانین کە بۆ هەر زمانێك چەند شتێك هەیە کەپێویستە رەچاو بکرێت وەك سیستمی زمان، بەلاّم ئەوەندە هەیە خوێندنەوە ددانێکی کلیلە کە هەر لەبەر ئەمەش وتراوە، خوێندنەوە کلیلی فێربونی زمانە، بەو پێیەی کە خوێندنەوە دەتوانێت دەرگای ماڵی زمان بکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویستت بە:-

1- کەسێك هەبێت بەردەوام لەگەڵت دابێت.

2- لەهەموو شوێنێکداو بەبێ گونجاندنی کاتەکە سودی لێ وەردەگرێ.

3 - ئاسان و سوکە.

4- لەڕێگەی ئەویشەوە پرسیار لەسەر شتەکانی تری ماڵەکە دەکەیت و بەپێی کات فێریان دەبێت.

ئەمە بەو واتایەی کە دەتوانی ئاشنای شتەکان بە گشتیو هەندێ جاریش تایبەتی ببیت، بەلاّم ناتوانرێت بکرێت بەپێوەری فێربوونی زمان، چونکە زمان میکانیزمێکی ئاڵۆزەو چەند لقێکی تری هەن پێویستە ئەوانیش بزانرێت، چونکە هەموویان پەیوەستن بەیەکەوەو لەیەك دانابڕێت و دەبنە بنچینەی فێربونی زمان، (اولسون) و(جیزبل) لەلێکۆڵینەوەکەیاندا ئەوەیان خستۆتە روو، کە خوێندنەوە تەنها لایەنێکە لەلایەنەکانی گەشەی تەواو لەمنداڵدا، توانای خوێندنەوە لەگەڵ تواناکانی تری لەش و عەقڵیدا گەشە دەکات، بۆیە پێیان وایە منداڵ پێویستی بەکاتێکی باش هەیە بۆ کامڵ بوونی گەشەیان، پێش دەستکردن بەخوێندنەوە.

بەگشتی مەبەستی تایبەتی لەخوێندنەوە کەسپکردنی(تثقیف) ئەدەبیە.

## کەسپکردنی ئەدەبی:-

بریتیە لەگەشەپێدانی توانای قوتابی لەسەر ئاکارێکی بەرزو گیانێکی نیشتمانیو هەستێکی پاك و کوردانە، لەگەڵ پەروەردە کردنی زەوقێکی هونەری و گەشەپێدانی گوزارشت و زیادکردنی زانیاری و بواری ڕۆشنبیری. ئەمەش لەم ڕێگایانەوە دێتە دی:-

1/ ئەو بابەتەی کەدەخوێنرێتەوە(یان پێیان دەدرێت) پەیوەندی بەو ئامانجەی سەرەوە هەبێت.

2/ بەکارهێنانی چەند سرودو چیرۆکێك بۆ خوێندنەوە کە بەشێوازێکی ئاسان و گوزارشتێکی تەواو جوان نوسرابن.

## ( شێوازەکانی وتنەوەی وانەی سەرەتا لەلایەن مامۆستاوە )

1- لەسەرەتادا ئەو شتەی کەباسی دەکات بەمنداڵەکانی ڕابگەیەنێت، پاشان سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

2- بەدەنگێکی سەرنج ڕاکێش و لەسەرخۆو کاریگەرەوە لەگەڵ قوتابیەکاندا بدوێ.

3-رەخساندنی کەشێکی وا کە لەباربێت بۆ گوێگرتن، واتە هەوڵدان بۆ داهێنانی کەشی لەبار بۆ گوێگرتن.

4- وا لەو بابەتە بکات کە لەگەڵ تواناو ئاستیاندا بگونجێت و لەگەڵ مامەڵەو پێداویستیەکانی ڕۆژانەدا بێتەوە، تاوەکو لەگەڵ خوێندنە تیۆریەکەدا بەکارەکی ئەنجامی بدەن.

5- سود وەرگرتن لەدەنگی، جوڵە، رەمز(الاشارة) و زمان.

6- دروستکردنی پەیوەندیەك لەنێوان ئەم وانەو شارەزاییەکانی پێشوی قوتابی.

7- قسەکردن بەگوزارشتێکی زۆر سادەو ساکارانە، تاوەکو کرداری لێکگەیشتن دروست ببێت.

8- هەمەجۆریکردنی چالاکی، بەشێوەیەکی وا کرداری خۆشەویستکردنی لەلای قوتابی بوروژێنێ.

9- زوو زوو دڵنیا کردنەوە لەو بابەتەی کەباسی کردوە.

10- بەکارهێنانی هۆکارە جیاوازەکانی فێرکردن و گەیاندن.

11- هاندانی قوتابی بەدوبارە کردنەوە، یاخود کورتکردنەوە، یان باسکردنی ئەو بابەتەی کە مامۆستا باسیکردوە.

12- گرتنە بەری ڕێگایەکی جیاواز بۆ ئەو قوتابیانەی کە گوێیان گرانە یاخود، زمان، یان چاویان کزەو لاوازە.

13- بەشداری پێکردنی قوتابی هەر لەسەرەتای کرداری گوێ گرتنەوە.

## چۆنیەتی وتنەوەی وانەی کوردی

بەبێگومان کرداری خوێندنەوە لەقۆناغی دوەمی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات، چونکە خوێندنەوەی قۆناغی یەکەم بریتیە لەفێربوونی دەنگ و ئێسك و ڕێنوسی پیتەکان.

### پۆلی دووەم:

بۆ وتنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەم، پێویستە مامۆستا رەچاوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکات:

1- دەبێت مامۆستا بابەتە نوێکە باش ئامادە بکات و پلانی رۆژانەی بۆ دابڕێژێت و بەپێی هەنگاوەکانی پلانەکە بڕگەکانی جێبەجێ بکات، زانیاری تەواوی لەناوەڕۆکی بابەتەکە هەبێت.

2- دەبێت هۆی رونکردنەوەی پێویست بۆ ئەو بابەتەی کەدەیڵێیتەوە ئامادە بکەیت و هۆیەکانی راهێنانیش دەبێت بەهاوبەشی قوتابیان جێبەجێ بکەیت.

3- دەبێــت بابەتەکــە بەژینگــەی قوتابیانـــەوە ببەســتێتەوەو بیگونجێنێــت لەگەڵیانــدا، بــەجۆرێك کــەبتوانن بەشــێوەی (دراماو وتوێــژ – المحادثــة) بەشێوەی گروپ ئەنجامی بدەن.

4- پێویســتە لــەدوای باســکردنی بابەتەکــە، یــان پێشکەشــکردنی، پرســیار لەقوتابیــەکان بکرێــت دەربــارەی نــاوەڕۆکی بابەتەکــە، بــۆ ئــەوەی مامۆســتا بزانێت، تا چ رادەیەك تێگەیشتوون.

5-دەبێت دەقی بابەتەکە لەسەر تەختە ڕەش بەخـەتێکی ڕوون و ئاشکرا و رێك و پێك بنوسنەوە.

6-جارێــك مامۆســتا خــۆی بابــەتی ســەر تەختــەڕەش بــەدەنگێکی گونجــاو دەخوێنێتەوە بێ ئەوەی قوتابان لەگەڵیدا بیڵێنەوە.

7- جاری دووەم دەیخوێننەوە و قوتابیان لەگەڵیدا دەیڵێنەوە.

8-دەبێت مامۆستا داوا لـەقوتابیان بکات کەبەچاو، واتـە بەبێدەنگی لەماوەیـەکی دیـاریکراودا کـە مامۆسـتا بۆیـان دادەنێـت بیخوێننـەوە، بـەم هـەنگاوەش پیـادەی خوێندنەوەی بێدەنگ دەکرێت.

9- پاشــان مامۆســتا قوتابیــەکی زیــرەك هەڵدەســتێنێ بــۆ ســەر تەختــەڕەش و بابەتەکــەی پێدەخوێنێتــەوە و وشــەیەکی پــێ رێنــوس دەکــات، بــەم جــۆرە خوێندنــەوەو نوســین لەیــەك کاتــدا ئــەنجام دەدرێــت کەئەمــەش بنەمایــەکی بنچـینەییە لەبابـەتی فێرکردنـی زمـانی کوردیـدا، لـەم شـێوازی خوێندنـەوەدا هەردوو جۆرە خوێندنەوەکە ( بێ دەنگ و بێ دەنگ)پیادە دەکرێت.

10-دواتر مامۆستا ئەرك بەسەر قوتابیەکانـدا دەدات بۆ ئـەوەی بەشـێوازی گـروپ و بەچاودێری خۆی ئەنجامی بدەن.

## پۆلی سێیەم

بـۆ پـۆلی سـێیەمیش هـەمان هـەنگاوەکانی وتنـەوەی کـوردی پـۆلی دووەم پیـادە دەکرێن لەگەڵ ئەم تێبینیانەی خوارەوەدا:

1- ئەگەر دەقی بابەتەکە زۆر بوو، لەڕووی خوێندنەوەوە دابەش دەکرێت بەسەر چەند بەشێکدا، پێویستە وەك دەقێکی تەواو ڕاڤە بکرێت.
2- قوتابیان لەگەڵ ئەوەی دەیخوێننەوە نایلێنەوە (عدم التردید) پێویستە لەپۆلی دووەمیشدا لەسەرەتادا نەبێت، خوێندنەوەی بەدوادا وتنەوە (تردد) نەمێنێت.
3- ڕێنووس دەبێت بەشێوازی سەیرکردن (منظور) ئەنجام بدرێت.
4- مامۆستا دەبێت وشەو بڕگەی گران بۆ قوتابیان وەکو پێویست شی بکاتەوە، جا بەوێنە بێت، یا بەدەنگ، یان بەواتا بێت.

## پۆلی چوارەم

مامۆستای وانەی کوردی پۆلی چوارەم، دەبێت هەمان شێوازی پۆلی سێیەم پیادە بکات لەپێشکەشکردنی بابەتێکی خوێندنەوەدا، بەلام ئەگەر بابەتەکە زۆر بوو، دەتوانیت بەچەند بەشێکی کەمتر لەپۆلی سێیەم پێشکەشی بکات، هەورەها دەتوانێت ئەم بابەتە لەسەر تەختەڕەش بۆ قوتابیان نەنوسێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە زۆر بوو، بەڵکو دەبێت پاش ڕاڤەکردن ولێکدانەوەی وشەو بڕگەو دەستەواژەی گران لەناو کتێبەکەدا، بۆیان بخوێنێتەوە، بەمەرجێك وەکو پێویست شێوازی خوێندنەوەی بێدەنگ و دەنگدار تیادا ڕەچاو بکات.

مامۆستا بۆی هەیە داوا لەقوتابیان بکات کورتەی ئەو بابەتە خوێندراوە بنوسنەوە، یاخود بیلێنەوە بەشێوەی گروپ، هەروەها مامۆستا لەم پۆلەشدا دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت کەڕێنووس بەشێوازی سەیرکردن (منظور) ئەنجام دەدرێت.

پێویستە مامۆستا قوتابیان رابهێنێت لەسەر خوێندنەوەی ڕەوان و ڕەچاوکردنی شێوازی خوێندنەوەی هۆنراوە، هەروەها دەبێت بایەخ و گرنگی بەدەربڕینی ناوەڕۆکی بدات و هەوڵ بدات قوتابیان زۆرتر خوێندنەوەکانیان لەبەردەم پۆلدا بێت و خۆشی گوێیان بۆ ڕادێرێ و سەرنجیان بداتێ.

## تێبینی:

لەکاتی وتنەوەی کوردی پۆلی چوارەمدا مامۆستا دەبێت زۆر بەوردی ڕەچاوی لایەنی ڕێزمان و دەربڕین(تعبیر) بکات، چونکە بنەمان بۆ ڕەوانبێژی و راهێنان لەسەر شێوەی دروستی بەکارهێنانی زمان، چاك وایە مامۆستا هەمیشە پەرۆشی ئەوە بێت کەبابەتەکان بەشێوەی ( گروپ- دراما- نواندن- وتوێژ) پێشکەش بکات و قوتابیەکان بکاتە هۆی روونکردنەوەی خودی بابەتەکە.

## پۆلی پێنجەم و شەشەم

لەپۆلی پێنجەم و شەشەمدا خوێندنەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ خوێندنەوەی پۆلی چوارەمدا، ئەویش ئەوەیە کە بابەتەکان بەش بەش ناکرێن. لەم دوو قۆناغەدا ئاستی زانیاری و توانای قوتابیان بەرزترە و دەتوانن بابەتی درێژتر بەئاسانی وەربگرن.

مامۆستا لەم دوو قۆناغەدا، دوای ئەوەی کە بابەتەکە بەتێروتەسەلی ئامادە دەکات و پلانی رۆژانەی بۆ دادەنرێت و هەموو هۆیەکی ڕونکردنەوەی پێویستی بۆ ئامادە دەکات، پاشان بۆیان باس دەکات و وشەو بڕگەی گران و رستەی نادیاریان بۆ ڕوون دەکاتەوە تا هیچ گرێو کۆسپێك لەبواری خوێندنەوەدا بەدی نەکرێت.

لەهەنگاوێکی تردا مامۆستا بۆ ئەوەی وانەکەی خۆی هەڵبسەنگێنێ و بزانێت ڕادەی تێگەیشتنی قوتابیان چەندە، بەشێوەی پرسیار بابەتەکەیان لێ دەپرسێتەوە، دەشتوانێ داوایان لێ بکات کەبەسەلیقەی خۆیان کورتی بکەنەوە، بەمەرجێك نەهێڵن ماناکەی لەدەست بدرێت، هەروەها زۆر جار مامۆستا دەبێت ئەو بابەتە گونجاوانە بکاتە دراماونواندن و لەپۆلدا، یان لەکاتی سەیران دا بەقوتابیانی پێشکەش بکات، هەروەها قوتابیان رابهێنێت لەسەر رەوانبێژیو خوێندنەوەی سرود و هۆنراوە لەکاتی ریزبوونی بەیانیان و بۆنەکاندا، پێویستە مامۆستا لەهەموو ئەم چالاکیانەدا رەچاوی بەکارهێنانی شێوازی گروپ بکات.

## (شێوازەکانی خۆشەویستکردنی خوێندنەوە لەلای قوتابی)

مەبەست لەخوێندنەوە زیادکردنی زانیاری قوتابیە، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزارشتکردن و فەزای بیرکرنەوەو جوانی شێواز لەگەڵ گەشەپێدانی توانای رەخنە، بۆیە لەسەر مامۆستایە کە شێوازی جیاواز بگرێتە بەر لەپێناو گەشەکردن و زیادکردنی خواستی قوتابی لەسەر خوێندنەوەو دروستکردنی خۆشەویستی لەدەرونیدا، لەپێناوی چالاککردنی لەماوەی خوێندنەوەدا.

ئەم شێوازانە بریتین لە:

1- هاندانی قوتابی لەسەر خوێندنەوە(مطالعة)ی دەرەکی و سود وەرگرتن لە(دەرفەتەکان) کاتە بۆشەکانی ناو خوێندنگەو دەرەوەی، گرنگی دان بەو شتەی کەدەیخوێننەوە، ئەویش لەرێگەی شروڤە(شرح)کردنی بۆ قوتابیە هاورێکانی، ئیتر ئایا بەزارەکی بێت لەبەردەم مامۆستادا، یان بەشێوەی نوسین و بەکورتکراوەیی.

2- باسکردنی بابەتی گونجاو لەپێناو زوو هەستکردنی قوتابیو گەشەکردنی بیر، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کەپەیوەندی هەبێت بەژیانیانەوە، لەگەڵ رەچاوکردنی شێوازی وتنەوەو گەیاندنی بابەتەکە بەشێوەی دروست و وابێت کەلەگەڵیدا بگونجێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدایە کە زوو لێی تێ بگات و پاڵنەربێت بۆ خوێندنەوە.

3- رەچاوکردنی رێگایەکی گونجاو و دروست لەلایەن مامۆستاوە لەفێرکردنی بابەتی خوێندنەوەدا، هەر لە ڕوانگەی گۆکردنی و باس و خێرایی گونجاوو باسی واتاکانی گۆکردن و رێکخستنی واتا گشتییەکان و فەراهەمکردنی ئازادییەکی تەواو بۆ قوتابی، لەپێناوی دەرخستنی بیروڕای خۆی لەسەر بابەتەکە.

4- کاتێک دەڵێین منداڵ ئامادەیە بۆ دەستکردن بەخوێندنەوەو نوسین، مەبەست ئەوە نیە کەلەتوانایدایە فێری خوێندنەوەو نوسین بێت لەیەک کاتدا، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئامادەیە بۆ خوێندنەوەو نوسین هەنگاو

بەهەنگاو، هەر هەنگاوێك تەواو دەكات، ئامادەیە بۆ دەستكردن بەهەنگاوێكی تر.

5- باسكردنی سەرەتایەك لەلایەن مامۆستاوە سەبارەت بەبابەتی خوێندنەوەكە، لەپێناو كارتێكردن و سەرنج راكێشانی قوتابیان و خۆشەویستكردنی بابەتی خوێندنەوەكەو تێگەیشتنی.

6- نواندنی ئەو بابەتی خوێندنەوانەی كە بۆ نواندن دەست دەدەن.

7-زیادكردنی راهێنان و پرسیارو وەڵام.

8- بەكارهێنانی هۆكارەكانی رونكردنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی كەخوێندنەوە لەلای قوتابی خۆشەویست دەكەن و گفتوگۆ دروست دەكەن، بەگشتیش ئەوانەی كەجموجوڵ ویاری دروست دەكەن.

9-هەمە جۆركردنی خوێندنەوەی بابەتەكە، جارێكیان بەدەنگەوە، جارێك بێ دەنگ، جاری سێیەم گوێگری.

## هۆكارەكانی فێركردن و رونكردنەوەی خوێندنەوە

هۆكارەكانی روونكردنەوە لەبابەتی خوێندنەوەدا، لەپێناوی ئەوەدا بەكار دەهێنرێت، كەخوێندكار هۆشیار بكاتەوە و گرنگی بدات بەبابەتەكەو لەرێگەیەوە بیرەكان ڕون بكاتەوە، لەگەڵ واتاكانداو یارمەتیان بدات بۆ زوو وەرگرتنی و چەسپاندنی لەبیردا، ئەمە جگە لەوەی كەمامۆستا پەیوەست دەكات بەوانەكەوەو زیاتر هەوڵدەدات كە ئەو كاتە بەسودەوە بەسەر ببات.

هۆكارەكانی روونكردنەوەش هەمە جۆرن، ئەم هەمە جۆریەش بەپێی بابەتە زانستییەكەو ئاستی خوێندكارو قۆناغەكە دەگۆڕێت:-

1-**كارت (بطاقة):** هەموو ئەو جۆرە كارتانەی كە بۆ پیت و وشەو... بەكاردەهێنرێت.

2-**تەختە ڕەش:** ئەمیش مەیدانی مامۆستاو قوتابی و بەیەكگەیشتنی تێڕوانینەكانە، بەكار دەهێنرێت بۆ رێكخستنی زانیاریەكان و رونكردنەوە و

تێبینیەکان و نوسینی واتای بێژەکان(الفاظ) و حەلکردنی پرسیارو پێناسەکان...هتد، لەپێناوی ئەوەی قوتابی سەیری بکات و پایگەیەکی بیریان لەگەڵدا بەجێ بهێڵێ.

3- **وێنەو خشتەکان:** ( سادەو ئاسان و تاك و ئاڵۆز)، ئەمانە باشترین هۆکارن کە میکانیزمێکی هەستی گونجاو لەلای قوتابی سەرەتایی بەجێ بهێڵن.

4- **کتێبخانەی خوێندنگا:** شتێکی پێویستە کەقوتابی بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی کتێبخانە بکات، ئەم سەردانەش بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو، لەپێناو فێرکردنی خوێندنەوەی ڕاست و دروست.

5- **نمونەکان:** کەپێك هاتوون لەشێوەکان کەوێنەی شتە راستیەکان دەخاتە ڕوو، مامۆستاش لەپێناو ڕونکردنەوەی بابەتەکەدا بەکاریان دەهێنێت.

6- **نمونە بەڵگەییەکان:** کەپێکهاتوە لەو شتانەی کە لەکێڵگە و باخ و...هتد نمونەیەکی دەهێنرێت، ئیتر ئایا لەبەر کەمییان بێت، یان گرانی و...

7- **هۆکارە زمانیەکان:** وەك چیرۆك و نواندن و شانۆ و راهێنانی جیاجیاو پرسیاری باش.

8- **تەکنۆلۆژیای فێرکردن:** وەك ئێستگەی خوێندنگەو شریتە تۆمارکراوەکان و قاموسی عەرەبی و ئەلفازی پەروەردەیو ئامێری خستنە ڕوو( over Head praiector) پێویستە ئەمانە هەبن و ڕوو لەزیاد بوون بکەن.

## کێشەکانی وانەی خوێندنەوە

وانەی خوێندنەوە هەر لەسەرەتاوە خاوەنی کۆمەڵێ کێشەیە چ وەك خوێندکار چ وەك پرۆگرام، بۆیە لەهەردوو باسەکەدا دەبێت ئاسانکاری بکرێت بۆ نەهێشتنی ئەم کێشانە، چونکە رادەی سەرکەوتن بەسەر ئەم کێشانە بەندە بەڕادەی سەرکەوتنی خوێندکار لەخوێندنەوەدا، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە مامۆستا بایەخێکی تایبەتی بدات بەم کێشانەو و لەکەمو کورتیەکانی قوتابیان بزانێت و

دیاردە لاوازییەکان نـەهێڵین، ئـەو کەموکورتیانـەش خۆیـان لـەگۆکردنی وتـەکان و بیرو هەستکردنی پەیوەندی لەنێوان تاکەکان و گوزارشتەکاندا خۆیان دەبیننەوە.

## بەگشتی ئەم کێشانە لەم هۆکارانەدا دەبینرێن:

1- **کتێبـەکانی خوێنـدن:** وانـەی خوێندنـەوە خـۆی لەکتێبـەکانی خوێندنـدا دەبینێتـەوە، واتـە قوتـابی لەیـەك کـات و سـاتی تایبەتـدا بابـەتێك بەشـێوەیەکی تیۆری دەخوێنێت، ئەمـەش کاریگەریـەکی سلبی لەسـەر ژینگەی قوتـابیو ئاستی تێگەیشـتنیان بـەجێ دەهێڵێت، جگـە لەمـەش لەبـەر کـەمی مـاوەی خوێندنـەوەی بابەتێکی تایبەت لەلایەن قوتابییەوە دەبێتە هۆی:

أ-ئـەو بێـزاری و بێتاقەتبوونـەی کەتوشـی قوتـابی دەبێـت دوای خوێندنـەوەی بەشەکەی خۆی، کەبەسەرە بۆی دیـاریکراوە، ئەمـەش هۆکـارو یاریـدەدەرە بـۆ هانـا بردنە بەر دوورکەوتنەوەو دابڕان لەپۆل و لەخوێندنەوەکە.

ب-بـۆی هەیـە لەکتێبەکـەدا هۆکـاری سـەرنج راکێشـان و هانـدان نـەبێت لـەپێناو هاندان و خۆشەویستکردنی خوێندنـەوە لـەلای خوێنەرەکە، هـەر لـەڕووی شـێوەو چاکەو جوانی تایپ و قەبارەی پیتەکان و وشەکان.

ج- لەوانەیـە هەنـدێ بابـەتی نـاو کتێبەکـە ڕەچـاوی پێداویسـتیە کۆمەڵایـەتی، دەرونییەکان نەکات و نەبێتە هۆی گەشەی بیری و سۆزیو...هتد.

2-**هۆکارە ئەندامییەکان:** ( جوڵە، سەیرکردن، گوێگرتن، تەندروستی) وەك لاوازی چاو و گوێ و کەموکوڕی کۆئەندامی ئاخاوتن و تێکچونی دەرونی.

3-هۆکـارە عەقڵیـەکان: وەك سـەرنجدان و کـەمی زیرەکـی و زرنگـی و لاوازی یـادەوەری( الـذاکرة) کـەم قسـەکردن، چـونکە منداڵـەکان بـەتوانای عەقڵیـەتێکی جیاوازەوە لەدایك دەبن.

4-**هۆکـارە کۆمەڵایـەتیـەکان:** منـداڵ لەیەکـەم رۆژی چونە خوێندنگەیـەوە، خـۆی لەجیهانێکی تـردا دەبینێتەوە، لێرەشەوە کۆمەڵێ کێشەی بۆ دروسـت دەبـن، لەوانـە لەدەستدانی متمانەو بڕوا بەخود ئیتر ئایا لەماڵەوە بێـت، یـان لەخوێنـدنگا، ئەمـە

جگـە لـەدوو دڵـی و دڵـەڕاوکێو پەشـۆکان و ترسـی کتـوپڕ، زۆر جـار ئەمانــەش بـەهۆی کـەوتن لـە قۆناغـەکانی پێشوودا سـەرهەڵئەدات، یـاخود ترسـان لـەدوبارە خوێندنەوەی بابەتەکە لەپاش سـەرکەوتن لەخوێندنـەوەی یەکـەمی، یـاخود گاڵتـە پێ کردنی قوتابیەکانی تر.

5-**هۆکارەکانی فێرکردن:** ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بـەکارهێنانی شـێوازی نادروسـت لەفێرکردنی خوێندنەوەدا، کەئەوانیش:

أ- پەلەکردن لەخوێندنەوە پێش ئەوەی قوتابی بۆ ئامادە بکرێت.

ب- سوربوون لەسەر خوێندنەوە لەسەروی توانای خۆیەوە.

ت- ڕەچاو نەکردنی جیاوازیە تاکیەکانی نێوان قوتابیان.

ث- نەبوونی متمانە بەڕێگایەکی ڕاست و گونجاو لەفێرکردنی خوێندنەوەدا.

## بەگشتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەتوانرێ لەم ڕێگایانەوە چارسەر بکرێت:

1- پێویستە مامۆستا کتێبی تر دەسـت نیشـان بکـات بـۆ قوتابیـەکان کـەبگونجێت لەگـەڵ هۆشـیاری و توانایانـداو وایـان لێ بکـات خوێندنەوەیـەکی سەربەسـت بیخوێننەوە.

2- بەشداری پێکردنی زۆرینەی قوتابیان لەخوێندنەوەی بەدەنگدا.

3- گفتوگۆیـان لەگـەڵ بکـات سـەبارەت بـەکرۆکی بابەتەکـە، لەڕێگـەی پرسـیاری کورت و چڕەوە.

4- داوا لەهەندێ لەقوتابیان بکات کەبابەتەکە کورت بکەنەوەو بیگێڕنەوە.

5- زیـادکردنی مەشـق، بەتایبـەتی ئـەوەی کـەقوتابی دیـاری دەکـات، یـان حـەزی لییە، لەپێناو وەرگرتنی بابەتەکەو پرسیارەکان.

6-هانـدانی قوتابیــە لاوازەکـان بـدات لەگـەڵ ڕەچـاوکردن و چـاودێریکردنی کـەم ئەندامەکان، لەپێناو کارنەکردنە سەر هەستیان.

7- نــەبڕینی خوێندنــەوە بــەقوتابی لـەکاتی خوێندنەوەیـدا، لـەپێناو ڕێنـوێنی و ڕاستکردنەوەی هەڵەدا، ئـیتر ئایـا ئەگـەر لـەڕوی گـۆکردن و واتاشـەوە بێـت، بـەڵکو

دەبێــت لــەکاتی تــەواوبوون و وەســتاندا بێــت، چــونکە مەبەســت لەخوێندنــەوە پەیوەستکردنی خوێندکارە بەبابەتەکەوە.

8-زەرورەتــی بــوونی دەفتــەری بچــوك (گیرفــان) لــەپێناو نوســینەوەی واتــای وشــە گرانەکان، تاوەکو قوتابی لەماڵەوە، یان لەهەر شوێنێکی تر بەسەریاندا بچێتەوە.

**تێبینــی/** گــەورەترین و بــەهێزترین هۆکــار بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم کێشــانە دروســتکردنی متمانــەو پەیوەنــدی خۆشەویســتیە لــەنێوان مامۆســتاو خوێنــدکارو راهێنانیان لەسەر دەربڕینی ناخ ووتنی رازەکانی دڵیانە.

## قۆناغەکانی فێرکردنی خوێندنەوە:

منداڵ لەتەمــەنی شــەش ساڵیدا دەچێتە قوتابخانــە، لــەم تەمەنــەدا زۆر لــەزمان دەزانێت کەبەشێوەی گــوێگرتن و گــۆکردن فێــری بــووە، ئــەو قسانە کــە گــوێی لێ دەبێت و لێــی تێدەگات ژمارەیــان زۆرە، گەشــەکردن و پەرەســەندنی سامانی زمــان لەلای قوتــابی لــەو کاتــەوە کەچــوەتە قوتابخانــە بەردەوامــەو هاوکــات شــان بەشــانی گەشــەکردنی توانــای خوێندنــەوەو نوســین ڕوو دەدات، ئــەوەی شــایانی باســە گەشەکردنی سامانی زمان، بەشێکە لەپرۆگرامی فێربوونی قوتابی.

## فێربوونی خوێندنەوە بەچەند قۆناغێك روو دەدات:

**1-قۆناغی ئامادەکردن بۆ خوێندنەوە، یان قۆناغی پێش خوێندنەوە(ساوایان):**

ئــەم قۆناغــە پــێش پــۆلی یەکــەمی ســەرەتای دەبێــت، واتــە پــێش چونی قوتابخانــە، ئــەویش لەباخچــەی ســاوایان یــان لەماڵــەوە لەرێگــەی دایــك و باوکــەوە لــەنێوان تەمــەنی (4-6) ســاڵدا دەبێــت، کــە پێویســتی بــە بەرنامەیــەکی تایبــەتی هەیــە، ئەویش گەشە پێدانی لایەنەکانی توانای منداڵ وەك چاوی و گوێ و جوڵە.

**2-قۆناغی دەست پێکردن بەخوێندنەوە ( خوێندنەوەی بڕگەیی )( لێکدانی پیت و بڕگە + وشەی سادە ):**

لەپۆلی یەکەمی سەرەتایدا دەست پێ دەکات ئەو کاتانەی کەقوتابی پیتەکانی ناسیوەو تازە فێری خوێندنەوە دەبێ، بۆیە بەناچاری لەنێوان هەموو بڕگەیەکدا دەوەستێو پشوو دەدات، گەلێ جار بەهەڵە پیتەکان دەبینێ و ناچار دەگەڕێتەوە دواوە بۆ ئەوەی دوو بارە بیان خوێنێتەوە. واتە پیت و بڕگەکان لێکدەدات لەپێناو خوێندنەوەی وشەکاندا.

**3-قۆناغی خوێندنەوەی خێرا( تێپەڕبوونی خوێندکار بەسەر فۆرمی وشەکاندا + واتای زەینی + ئێسك( فۆرم ):**

ئەو جۆرە خوێندنەوەیە کەلەقۆناغەکانی دووەم و سێیەمدا دەبێت، ئەویش بەلێکدانی وشەکان و تێپەڕبوون بەسەریاندا، بەبێ تێگەیشتنی تەواو لەواتای کرۆکی دەقەکە، واتە وشەکان دەخوێنێتەوەو هەندێ جار لەنێوانیاندا پشو دەدات، بەمەش ناتوانێت سنوری رستەکان بپارێزێت.

**4-قۆناغی خوێندنەوەی رەوان( دەستور + ئاواز + خاڵبەندی )( بەردەوامبوون لەخوێندنەوە ):** ئەو جۆرە خوێندنەوەیە کەقوتابی بەتەواوەتی وێنەی پیتەکانی لا چەسپیوەو بەخێرایی و تەواو بەسەر وشەکاندا دەڕوات و سنوری رستەکان واتاکان رەچاو دەکات، بەگشتی سەرەتای دەسپێکردنی لەپۆلی چوارەم و پێنجەمی سەرەتایدا دەبێت، چونکە لەم قۆناغەوە قوتابی دەتوانێ کرداری خوێندنەوە بەچاکی بەبێ هیچ گیروگرفتێك ئەنجام بدات، بەشێوەیەك کەدەتوانێ بەردەوام بخوێنێتەوەو لەشوێنی پێویستدا دەنگیان بەرز و نزم بکەنەوە، بۆیە ئەمەش دەکەن، چونکە بەتەواوی لەشتە خوێنراوەکە دەگەن و هەست و هۆشیان پێ دەجولێ، بەمەش خوێندنەوەکەیان رەوان و بەسوود دەبێت.

## ( جۆرەکانی خوێندنەوە )

1-خوێندنەوەی بێدەنگ ( نائاشکرا ).

2-خوێندنەوەی بەدەنگ ( ئاشکرا ).

### أ/ خوێندنەوەی بێدەنگ ( نائاشکرا-نهێنی ).

کردەی خوێندنەوەی بێدەنگ کارێکی (مێشك) هۆشی رووتەو دەنگ هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی پێوە نییە، چونکە خوێندنەوە تەنیا بریتییە لەشیکردنەوەو ناسینەوەی نیشانە نوسراوەکان و لێکدانەوەو لێتێگەیشتنی واتاکانیان بەوردی و ئاسانی.

مەرجەکانی خوێندنەوەی بێ دەنگ بریتییە لەسەرنجدان لە وشەو ڕستەکان و زانستی واتاکانیان، بەشێوەیەك ئەگەر واتای خوێنراوەکە لەخوێنەرەکە بپرسینەوە بیزانێت،یان تێمان بگەیەنێت، کەوابوو خوێندنەوە کردەوەیەکی نهێنییەو پێویستی بەدەنگ و چرپە و لێوبزواندن و زمان جولاندن نییە.لەم حاڵەتەشدا خوێندکار دەتوانێت وشەیەکی زۆر بخوێنێتەوە، چونکە تەنها بەچاو و زەین بەسەر وشەکاندا دەڕوات.

### بنچینەکانی ( بنەغەکانی ) پابەندبوون بەخوێندنەوەی بێدەنگ :

#### -بنچینە سایکۆلۆجییەکان:

بوونی ناتەواوی لەکۆئەندامی ئاخاوتن و دەربڕیندا، دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك کەس شەرم بکەن لەناو خەڵکیدا ئاشکرا وانە بخوێننەوە، لەبەرئەوە پەنا دەبەنە بەر خوێندنەوە سروشتییەکە (خوێندنەوەی بێدەنگ)، هەندێك جاریش مرۆڤ ئارەزوی بێدەنگ بوون دەکات لەرێی لێوردبوونەوەیی و هێمنییەوە کەڵك لەخوێندنەوەی بێدەنگ وەردەگرێ. واتە دەبێتە جۆرێك لەجۆرەکانی

خوێندنـەوەی خـودی لای کەسـەکە، ئەمـەش لـەپاش قۆنـاغی سـەرەتاییەوە دەسـت پێدەکات.

## 2-بنچینە کۆمەڵایەتیەکان:

گـەلێك جـارو خورەوشـتی و هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایـەتی لـە هەنـدێك شـوێندا وا پێویسـت دەکـات، رێـزی هەسـتی کەسـانی تـر بگیرێـت، بـەوەی بەخوێندنـەوەی بـەدەنگ بێزاریـان نـەکات، یـان پاراسـتنی نهێنـی خوێنراوەکـە پێویسـت دەکـات بەبێدەنـگ بخوێنـرێتەوە،واتە لەپێناو پاراستنی ئـارامی ناوچـەکەو سـود وەرگرتنـی کەسەکە لەخوێندنەوەکەو دروست نەکردنی دابڕان ئەم حاڵەتە بەکار دێت.

## 3-بنچینە فسیولۆجییەکان:

لەپێناوی پشودانی کۆئەندامی ئاخاوتن و هـیلاك نـەکردنی کۆئەندامـەکانی دەنـگ لـەپاش گفتوگـۆکردن و خوێندنـــەوەی ئاشـــکراو دورو درێـــژە، یـــاخود بـــەهۆی دەنگگیران و دەنـگ ناخۆشیو زاڵ نـەبوون بەسـەر خوێندنەکـەو کەوتنـە هەڵـەوە، پەنا دەبرێتەبەر خوێندنەوەی بێدەنگ.

## ( کەڵکەکانی خوێندنەوەی بێدەنگ )

ئـەم جـۆرە خوێندنەوەیـە گـەلێك کـەڵکی هەیـە، لەبەرئـەوە پـەروەردەی نـوێ بایەخی تایبەتی پێ دەدات.

## 1- لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە:

خوێندنەوەیەکی سروشتییەو لەهەموو جێگاو کاتێکدا جێبـەجێ دەکرێـت، بـەبێ ئـەوەی کاربکاتـە سـەر هەسـتی چـوار دەوری خوێنەرەکەو بێزاریـان بکـات، ئەگـەر بەراوردیش بکەین لەنێوان خوێندنـەوەی ئاشـکراو ئـەم خوێندنەوەیـەدا دەبینـین

لەبەکارهێناندا ڕێژەی یەکەمیان زۆر کەمترە لەچاو دووەم دا، بگرە ئەوەنـدە نییـە کە باسیش بکرێت.

## 2-لەرووی کاتەوە:

ئــەم خوێندنەوەیــە کــاتێکی زۆرمــان بــۆ دەگێڕێتــەوە لەچــاو خوێندنــەوەی ئاشکرا،چونکە خێراتـر جێبـەجێ دەکرێـت و بەنـدە بەسـەرنجدانی خێـرای وشـەو ڕستەکانەوە.

## 3-لەرووی تێگەیشتنەوە:

ئەم خوێندنەوەیە لـەبارترو گونجاوترە بـۆ لێتێگەیشـتن و بـاش وەرگرتنـی واتـای خوێنراوەکـە، چـونکە (مێشـك ،هۆش) ئامـادەترو چاپووکترو چالاکترو گورجترە، لەو کردەوە بیرکردنەوەیانەی کە لەخوێندنەوەی ئاشکرا دەخرێتە کار.

## 4-لەڕووی پەروەردەی دەروونییەوە:

ئــەم خوێندنەوەیــە ئاســانترە لەخوێندنــەوەی بــەدەنگ، چــونکە خوێنــەر نابەســتێتەوە بەدەربڕینــەوە، لەبەرئــەوەی خێراتــر لــەدەنگ و گــۆکردن و لەپــەیڕەوکردنی وێنــەو دەربڕینــی دەنــگ و پیتــەکان و وەســتان و هەڵوێســتی و ســترێس، لەبەرئــەوە ئاســانترەو چــێژدار تریشــەو فوتــابیش ڕادەهێنێــت کەلەخوێندنەوەدا پشت بـەخۆی ببەستێت، لـە هـەموو قۆناغـەکانی خوێندنیشـدا کەمو زۆر بەکار دەهێنرێت، لەبەر ئەوە خوێندنـەوەی بێـدەنگی ئـەم خاسـیەتانەی تێدا دەبینرێت.

1- خوێندنەوەیــەکی سروشــتییە ئاســانترە لەبــەدەنگ خوێندنــەوە، خوێنــەر نابەستێتەوە بە دەربڕینەوە.
2- پەیڕەوکردنی هێمنی دەکات و دەوروبەر هەراسان ناکات.
3- خێراترە لەخوێندنەوەی بەدەنگ.
4- کەمترین کاتی پێویستە.
5- یارمەتی تێگەیشتن دەدات، چونکە (مێشك) تـەرخان کـراوە بـۆ خوێندنـەوەو فێربوون.

بەلام تاکە کێشەی خوێندنەوەی بێدەنگ کە بۆ مامۆستای سەرەتایی دروستی دەکات، ئەوەیە ناتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان ئەو خوێندکارانەی کەبەڕاست دەیخوێننەوە، یان بەهەڵەو خۆخەریکردن و تەنها چاو بەکتێبەکەدا دەخشێنن، بۆیە دەبێت مامۆستا لەپاش خوێندنەوەکە کاتێك دیاری بکات، تاوەکو بابەت لەرێگەی پرسیارو وەلام و هەستان بۆ سەر تەختە لەهەمان وانەدا لەخوێندکاران بپرسێتەوەو نەهێڵێت ئەم کێشە گەشە بکات.

زۆر لەو دواکەوتن و کەموکورتیەکانی توانای خوێندکارەکان لەخوێندنەوەو نوسینی دەرسەکانی تریاندا لەگشت پۆل و پلەکانی خوێندنیاندا ، ئەگەرێتەوە بۆ شێوازی جۆری فێرکردنی خوێندنەوەو نوسینیان.

ئەو خوێندکارەی کە بەئامادەبوونێکی تەواوو بەئارەزو و تام و چێژێکەوە دەست بداتە خوێندنەوە، بەئاسانیو چاکی فێری خوێندنەوەو نووسین دەبێت و لەسەر تواناکانیان ڕادێت و زوو تیایاندا قاڵ ئەبێت، لەوانەیە بەم هۆیەشەوە گەلێك بەهرەو توانای تری تێدا گەشە بکات، یاخود لێدەربکەوێت.

یەکەم هەنگاو بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین ئەوەیە کەخوێندکار ئامادە بکرێت بۆ ئەو فێربوونە.دەبێت ئەوش بزانرێت کە مندالان لەپۆلی یەکەمدا لەگەڵ ئەوەشدا کە لەیەك تەمەن دابن، وەکو یەك نابن لەنەشونماو کامڵبوون و تواناو شارەزاییاندا، لەبەرئەوە نابێت وا چاوەڕێ بکەین کەوەکو یەك بتوانن لەیەك کاتدا دەست بەفێربوونی خوێندنەوەو نووسین بکەن،یاخود وەك یەکیش تیا پێشکەون وقاڵ بن، خوێندنەوەی (بەدەنگ و بێدەنگیش) بەستراوە بەرادەی تەواو فێربوونی قوتابیەوە، بۆیە دەبێت لە خوێندنەوەی بێدەنگدا لەخولەکێکدا (70-80) وشە بخوێنێتەوە، چونکە لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا ئەندامەکانی ئاخاوتن بەشداری تێدا ناکەن، تەنها بەچاو وێنەکان دەگوێزرێتەوە بۆ عەقڵی ناوەوەو پاشان دەریان دەبرێت دەخوێنرێتەوە، لەبەرئەوە کاتی زۆر بۆ قوتابی دەگەرێتەوە و خێراتریش دەبێت بەپێچەوانەی خوێندنەوەی بەدەنگەوە،

لەبەرئەوە هەوڵێکی زۆر بێ سوودە ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەو نووسین پێش وەخت فێری خوێندکار بکەین.

## خوێندنەوەی ئاشکرا ( بەدەنگ )

بریتییە لەخوێندنەوەی پارچە نوسراوێك بەدەنگی بەرز، واتە لەبەرخۆوە بەدەنگێکی بەرزو ئاستەم بخوێنرێتەوە.

## (( کەڵکەکانی خوێندنەوەی ئاشکرا ))

1- باشترین رێگایە بۆ راهێنانی چاو و گوێ و ئەندامەکانی ئاخاوتن و گفتوگۆ و فێربوونی دەربڕینی دەنگەکان.

2-رێگایەکە بۆ پێزانینی هەڵەی قوتابی لەخوێندنەوەدا.

لەقۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا، یارمەتی قوتابی دەدات بۆ چەشە وەرگرتن لەبابەتی وێژەی و لەو دەقانەی دەیانخوێننەوە، بەدەر لەبابەتی ناو کتێبەکە

1- رێگایەکە بۆ هاندانی قوتابی شەرمن و ترسنۆك کەخۆی رزگار بکات لەو نەخۆشییانە، هەروەها رایان دەهێنێت لەسەر وتاردان و بەرامبەر بوونەوەی کۆمەڵانی خەڵك و لێدوانی ناو کۆڕ.

## (( ئامانجە گشتییەکانی خوێندنەوە ))

1- زاڵبوونی قوتابی بەسەر دەربڕینی دەنگ و وشەو رستەکانداو وەستان لەو شوێنانەی واتای تیا تەواو دەبێت.

2- فراوانکردنی ئاسۆی بیری و ئەندێشەی لەرێی زانیاری هەمەجۆرەوە.

3- فراوانکردنی (سامانی زمان) گەنجینەی زمان لەرێی زانیاری فێربوونی زمان و واتای وشە تازەکان.

4- سوود لەهەموو جۆرە چاپکراوێك (کتێب- گۆڤار- رۆژنامە) یان نوسراوی چاپ نەکراو وەردەگرێت.

5- ناشتنی رەوشتی بەرپاو پاك لەدەرونی خوێنەردا لەرێگەی بەخوێندنەوەی بەسەرهاتی رەوشتی بەرزان و پاڵەوانان و پیاوچاکان وەك چاولێکردنیان و لاساییکردنەوەیان.

6- رێگایەکە بۆخۆ ناسین و بڕوا بەخۆبوون.

7- پەیدابوونی توانای چەشە وەرگرتن لەجوانی و بەزەی و ئەندێشەیی ناو بەرهەمە ئەدەبیەکان و لێتێگەیشتنیان.

8- خوێندنەوە ماندوبوون و هیلاکی و گرانی لابەرە لەسەر شانی خوێنەر و هۆی حەوانەوەی هۆش و دەرونە.

9- زۆری خوێندنەوە مرۆڤ رادەهێنێت لەسەر خوێندنەوەی خێراو تێگەیشتنی واتاکانیان بەزوویی.

## ((ئامانجە تایبەتیەکانی خوێندنەوە))

1- پەرە پێدانی ئارەزووی خوێندنەوە.

2- فێربوونی دوان بەشێوەیەکی ڕاست و قسەکردن بەجوانی و دەربڕینی تەواو و پڕ واتا.

3- پەیداکردنی جۆرە کارامەیێك لەخوێندنەوەدا.

4- پەیدابوونی گیانی رەخنەگرتن و نرخ دانان بۆ ئەو بابەتانەی کەدەیخوێنینەوە.

5- بەرزبونەوەی جوان نوسین و راهێنانی قوتابی لەسەر دەربڕینەوە( واتە دارشتنەوەی ئەو شتەی کە خوێندویەتەوە، یان نوسینەوەی بەشێوەیەکی جوان.)

6-پەرەپێدان و گەشکردنی سامانی زمان لەلای قوتابی بەوشەی هاو واتاو پەند و قسەی نەستەق و وتەی بەنرخ و هۆنراوەی جوان و راهێنانی لەسەر تێگەیشتنی شتە خوێنراوەکە و دەست نیشانکردنی مەبەستی تێگەیشتنەکە.

## هەڵەی قوتابیان لەخوێندنەوەدا

قوتابیان هەندێ هەڵە دەکەن لەخوێندنەوەدا لەوانە:-

1- هەڵە لە دەربڕینی وشەدا، پێش خستنی پیتێك پێش پیتێکی تر، یان لابردنی پیتێك.

2- دەرنەبڕینی دەنگەکان لەشوێنی تایبەتی خۆیانەوە.

3- هەڵەی دەربڕین بەچەشنێك سەرسامیو پرسی تێدا دەرکەوێ.

4- هەڵەیەك کەواتاکەی پێ بگۆڕێت وەك بیر، پیر، شێر، شیر.

## کەی هەڵەکان راست دەکرێتەوە

بەپێی رای پەروەردەییەکان:

1- لەخوێندنەوەی بەدەنگی یەکەمدا،ئەگەر هەڵەی قوتابیەکە کار نەکاتە سەر واتاکەی، ڕاست نەکرێتەوە، تاوەکو خوێندنەوەکە نەپچڕێو قوتابیان تێبگەن.

2- ڕاست کردنەوە هەڵە لەخوێندنەوەی بەدەنگی دووەمدا نابێت راستەوخۆ هەڵەکە ڕاست بکرێتەوە، بەڵکو پاش تەواوبوونی رستەکە راست بکرێتەوە.

## ( چۆن هەڵە راست دەکرێتەوە )

دەتوانرێت بەچەند جۆرێك هەڵە بۆ خوێندکار راستبکرێتەوە.

1- پاش ئەوەی قوتابییەکە لەڕستەکە دەبێتەوە،هەڵەکەی بۆ دیاری دەکرێت و دواتر داوای لێدەکرێت رستەکە دووبارە بکاتەوە.

2- داوا لەهەندێ قوتابی دەکرێت هەڵەی هاوڕێکانیان ڕاست بکەنەوە.
3- مامۆستا ڕستەکە دەخوێنێتەوە و داوا لەقوتابییەکان دەکات بیڵێنەوە.
4- مامۆستا پرسیارێك دەکات وەڵامەکەی ئەو وشەیەی تێدا دەبێت کەقوتابی بەهەڵە وتویەتی.

## ((بنەماکانی خوێندنەوەی ڕاست و ڕەوان))

1- **ڕەچاوکردنی خاڵبەندی**:- واتە لەکاتی خوێندنەوەدا، دەبێت ئاگاداری نیشانەکانی خاڵبەندی ببن، کەئەوەش بریتییە لەراوەستان و پشوودان و بەیەکەوە ،بەستنی رستەکان و دەربڕینی ئاوازی تایبەتی هەریەك لەنیشانەکانی پرسیارو سەرسوڕمان...هتد.
2- **دەرهێنانی پیت وشەکان لەشوێنەکانی گۆکردنەوە**:- واتە ڕاست گۆکردنی پیت و وشەکان و بەرزو نزمکردنی گۆکردنەکان لەشوێنی پێویست و ڕەچاوکردنی یاسا دەنگییەکان.
3- **تێگەیشتن لەواتا**:- مەبەست لەتێگەیشتنی واتای وشەو دەستەواژەکانی رستە واتای مجازی ڕەوانبێژی و لەبەکارهێنانی وشەو دەستەواژەکانی خوێنراوەکەیە لەگەڵ واتای گشتی نوسراوەکە.

## مەرجەکانی خوێندنەوەی سەرکەتوو

1- **گورجی** : ئەو جۆرە خوێندنەوەیە کە خوێندکار بەشێوەیەکی تەواو و گونجاو بەسەر وشەکاندا بڕوات .
2- **ڕەوان** : ئەو جۆرە خوێندنەوەیە کەڕەچاوی هەموو خاڵ و مەرجەکانی خوێندنەوەی تێدا دەکرێت و بەشێوەیەکی ڕەوان دەخوێنرێتەوە
3- **تێگەیشتن**: ئەو جۆرە خوێندنەوەیە کەخوێندکار لەکاتی خوێندنەوەیدا بەئاوازێکی گونجاو بیخوێنێتەوە، بەشێوەیەك بتوانێت واتای وشەکان وەرگرێت و لێیان تێبگات.

## هۆكارەكانی لاوازی قوتابی لەخوێندنەوەدا:

دوای ئەنجامـدانی كـرداى فێركـردن، یـان وتنـەوەی وانـەی خوێندنـەوە، دوو ئـەنجام چـاوەڕوانمان دەكـات، یەكـەمیان زاڵبـوون و فێربـوونی قوتابییانـە لەخوێندنـەوە، دووەمیـان نـەتوانین و لاوازی و سسـتیان لەفێربوونـدا، گـەر بمانەوێت هۆكاری لایەنی دووەم بدۆزرێنەوە، دەبێت ئاماژە بە)

یەكەم: **قوتابی** **دووەم : مامۆستا**

**سێیەم : كتێبی بڕیاردراو )بكەین.**

**یەكەم/قوتابی:** وەكو كەرەستەیەكی كرداری خوێندنـەوە، دەبێتـە هۆكـار بـۆ لاوازی لەفێربوونی خوێندنەوەدا، لاوازییەكەش دەگەڕێتەوە بۆ:

**ا- لایەنی لەشی:**

گەر قوتابی لەم ڕووەوە هـەر ناتەواوییـەكی هـەبوو، ئـەوا دەبێتـە ڕێگـر بەرامبـەر فێربـوونی خوێندنـەوە، چـونكە بەهۆیـەوە منـداڵ تووشـی ئـاڵۆزی دەروونی دەبێت بەشداری چالاكییەكانی خوێندنەوە ناكات، بـەهۆی ئەمەشـەوە دوا دەكـەوێت، كـزی یـا هـەر نەخۆشـینێك لەچـاودا یـان گرانـی بیسـتن و ناتـەواوی لەئەندامانی قسەكردن، دیسانەوە هۆكاری دواخستنی قوتابیت.

**ب-لایەنی زەینی ( ژیری ):** لەتەمـەنی كاتیـدا گەورەیـە، بـەلام تەمـەنی عـەقڵی كەمەو زۆر درەنگ گەشە دەكات):

ئەمەش وەكو هۆكارێك گەر لەقوتابیدا هەبوو، دەبێتە بەربەستێك بەرامبـەر فێربوونی خوێندنەوەدا، چونكە لـەنێوان ڕادەی ژیـری گشـتی منـداڵ و بنـەماكانی خوێندنەوە پەیوەندییەكی گەورە هەیە، دەتـوانین چـەند نیشـانەیەك بـۆ ڕوودانـی ئـەم لایەنـە دیـاری بكـەین، لەوانـەش كـزی لەسـەرنجدان، یـان كـەم بـەكارهێنانی وشـە، هـەروەها لاوزای و كـەم تـوانین لەجیاكردنـەوەی بیرۆكـەكان لەیـەكترو پەیوەندیكردن لەنێوانیانـدا ، كـەمی ڕۆشـنبیری و زانیـاری گشـتی...هتـد ئەمانـەو

چـەند نیشـانەیەکی تـر لـەکاتی ئەنجامـدانی کـرداری فێرکردنـی خوێندنـەوەدا لەمنداڵدا دەردەکەوێت.

**ج/لایـەنی کۆمەڵایـەتی و دەروونـی:** ئـەو حاڵەتانـە دەگرێتـەوە کەخوێنـدکار لایەنی جەستەیی تەواوە، بەڵام هەر لاوازە لەخوێندنـەوەدا، یاخود ژینگەو داب و نەریت و پایە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەری.

زانایـانی دەروونناسـی منـداڵ، لەلێکۆڵینەوەکانیانـدا رۆڵـی ئـەم لایەنـە لـەکرداری فێرکردنـدا دەسـەلمێنن، چـونکە کاریگەرییـەکی تـەواوی هەیـە لەسـەر منـداڵ، هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ:

1- شەرمکردن، وەك بوونی کەموکوڕی لەدەنگ و کۆئەندامەکانی دەربڕیندا، یان باگراوندی پایگە کۆمەڵایەتیەکە.

2- بڕوا بەخۆنەبوون، بەهۆی هەڵەی بەردەوام لەخوێندنەوەدا.

3-ترس لەمامۆستا، کە بەهیچ شێوەیەك چاو ناپۆشێت لەهەڵە و سزا دەدات، ئـەم هۆکارانـەی سـەرەوە دەبنـە هـۆی خولقانـدنی ژینگەیـەکی کۆمەڵایـەتی خـراپ لای قوتابی، لەئەنجامدا بەهەڵچونی دەرونـی و بێـزاری قوتـابی لـەو کـەش و هەوایـەی کەتیایدا دەژی دەشکێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دورکەوتنەوەی قوتابی نـەك هـەر لەبابەتی خوێندنەوە، بـەڵکو لەهـەموو دەرسـەکان و ڕقیشی لەمامۆسـتای وانەکـە دەبێـت، واتـە گونجانـدن و خۆشەویسـتی مامۆسـتا کاریگـەری هەیـە لەسـەر زوو فێربوون و ئاسانی تێگەیشتنی خوێندکار.

## دووەم / مامۆستا

لاوازی مامۆسـتای خوێندنـەوە لـەکاتی ئەنجامـدانی کـرداری فێرکـردن، هۆکـارێکی ترە کەدەبێتە هۆی لاوازی قوتابیان لەبابـەتی خوێندنـەوەدا دەتـوانین هـۆی ئـەم لاوازییەش بگێڕینەوە بۆ چەند ڕوویەك لەوانە:

أ- کەسێتی مامۆستا.

ب-    کەم توانایی مامۆستا.

ت-   کەم تەرخەمی لەبەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن.

دەتوانین بڵێین ئەم لایەنە مەترسیدارترین هۆکارە لەمامۆستادا، چونکە ڕەنگادانەوەیەکی خراپی هەیە لەسەر قوتابییان و پرۆسەی خوێندن بەگشتیو بابەتی خوێندنەوە بەتایبەتی، چونکە زانایانی سایکۆلۆژی مندال لەم بارەیەوە دەڵێن:

( یەکێك لەتایبەتمەندی ئەم قۆناغەی تەمەنی منداڵ، بریتییە لەلاساییکردنەوەو چاولێکەری، جا ئەگەر مامۆستا خاوەن کەسێتییەکی بەهێز نەبێت، ڕاستەوخۆ کار لەچۆنیەتی فێربوونی منداڵ و گرنگیدانی منداڵ بەخوێندن دەکات.

وەك:

1- گوێ نەدانی هەندێ لەمامۆستایان بەقوتابییان، چ بەخۆبەزلزانین بێت، یان پشتگوێ خستنی کرداری پەروەردەکردن.

2- پێشکەشنەکردنی ڕێنمایی پەروەردەی بۆ قوتابیان، تاوەکو بڕوا بەخۆبوونیان لادروست بکات.

3- گرنگی نەدان بەڕاستکردنەوەی هەڵەکان.

4- ڕەچاونەکردنی جیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردیة) لەنێوان قوتابییەکاندا.

5- نەبوونی بڕوا بەئیشەکەی خۆی و بەئەرکێکی پیرۆزی نازانێت.

6- هەست نەکردن بەلێپرسراوێتی بەرامبەر بەقوتابیان.

## أ- کەسێتی مامۆستا:

کەسێتی مامۆستا هۆکارێکی سەرەکی خۆشەویستکردنی خوێندنەوەو ئاسانکردن و زوو تێگەیشتنە لەبابەتەکە، بۆیە ڕادەی کەسێتی مامۆستا ڕاستەوخۆ بەندە بەڕادەی بەهای وانەکەو خۆشەویست بوونی مامۆستا لای خوێندکار، بۆیە

پێویستە مامۆستا پایەێکی کەسایەتی بۆ خۆی دروست بکات، چونکە ئەم پایە کەسایەتیانەش بەشێکە لەکرداری پەروەردەکردن.

## ب/ کەم توانایی مامۆستا :

لەبەرئەوەی زۆر لەمامۆستایان ئارەزویان لەو پسپۆڕیە نییە کەدەیڵێنەوە، دەبێتە هۆی لەبیرچوونی ئەو زانیاریانەی کەلەپەیمانگاو کۆلیژەکاندا فێری بووە، بەهیچ شێوەیەك هەوڵ نادات شارەزایی پەیدا بکات لەبوارەکەی خۆیدا، بۆیە دەرەئەنجام مامۆستایەکی نەزان و ناشارەزا دەردەچێت، ئەمەش کارتێکردنێکی خراپی دەبێت لەسەر قوتابیان، کاتێك قوتابییان بڕوایان بەتوانای زانستی مامۆستاکەیان نامێنێت، گوێ نادەن و خۆیان ئامادە ناکەن بۆ وانەکەو بێزار دەبن لەو بابەتەی کەدەیڵێتەوە، دەرئەنجام فێری بابەتەکە نابن.

## ج/ کەمتەرخەمی لەبەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن :

1- کاری مامۆستای جگە لەوەی کەدەبێت زانیاری باشی هەبێت لە پسپۆڕیەکەی، دەبێت ئاگاداربێت لەلایەنی هونەری وتنەوەو بەباشترین شێوە،2- ئەو زانیارییانەی کەلایەتی لەرێگەی هۆکارەکانەوە بگەینێتە مێشکی قوتابیان، چونکە هۆکارەکان پەیوەستن بەرادەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی خوێندکارەوە، لەبەر ئەوە بەر لەهەموو شتێك پێویستە هۆکارەکان ئامادە بکرێن و لەرێگەی هۆکارەوە بچێتە ناو بابەتەکەوە.

## سێیەم/ کتێبی خوێندنەوە:-

کتێبی خوێندنەوەی بڕیار دراو بەگشتی لەقۆناغی سەرەتایی‌و بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمدا، گەر دوور بوو لەناتەواوی و بەپێی مەرجی زانستی ئامادەکرابوو، بێگومان رۆڵێکی گرنگی هەیە لەفێرکردندا، بەڵام ئەم حاڵەتەش وەکو ئەوانی تر هەرە لاوازی و ناتەواوییەکی تیادا بوو، دەبێتە هۆی لاوازی‌و

فێرنەبوونی قوتابی بابەتی خوێندنەوە، چونکە قوتابی لەحاڵەتی فێربووندایەو بەهەر شێوازێك وێنەی پیت، یان وشەکان یەکەم جاردا ببینێت بەو شێوەیە وێنەکەی وەردەگرێت، ئەمەش کێشەیەکی گەورە دروست دەکات، لایەنی لاوازی ئەم حاڵەتەش بریتییە لە:-

**1-کەمی کتێبی خوێندنەوەی بڕیاردراو:** واتە لەبەردەستدا نەبووی کتێبی لەلای خوێندکار.

**2-گوێ نەدان بەڕازاندنەوەی کتێبی خوێندنەوە:**

یەکێك لەگرنگترین ئامانجە پەروەردەییەکان ( خۆشەویستکردنی کتێبە لەلای منداڵ) ، واتا چەند هەوڵ بدرێت کەکتێبی خوێندنەوە جوان و رەنگاو رەنگ بێت هێشتا کەمە، چونکە زیاتر سەرنجی قوتابییان رادەکێشێت و سوریان دەکات لەسەر خوێندنەوە.

**3-خراپی هەڵبژاردنی بابەتی خوێندنەوە:**

هەڵبژاردنی هەر بابەتێك بۆ خوێندنەوە دەبێت لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵدا بگونجێت و پێداویستییەکانی ئێستاو داهاتوو جێبەجێ بکات، بۆیە هەر هەڵبژاردنێك بەگوێرەی ئەو مەرجەی سەرەوە نەبوو، دەبێتە هۆی روو نەدانی پەیوەندی لەنێوان قوتابیو کتێبی خوێندنەوەو هەستکردن بەبێزای وەرسبوو لێی.

**4-کات و شوێنی خوێندنەوە:**

**ا-کاتی خوێندنەوە:-**

لێرەد زیاتر گرنگی و پوختەی خشتەی وانەی رۆژانە روون دەبێتەوە، گەر بەشێوەیەك بوو رەچاوی توانای قوتابی تێدا کرابوو، ئەوا پرۆسەی خوێندن بەگشتی و بابەتی خوێندنەوە بەتایبەتی ئامانجەکانی دێتە دی، بۆیە زۆر گرنگە ئاگاداری ئەو کاتە بین، کە وانەی خوێندنەوەی تێدا دادەنرێت، چونکە نابێت کاتێك قوتابی هیلاکەو توانای نەماوە بابەتی خوێندنەوە لەخشتەدا دابنێت،

چونکە کردارەکە پێویستی بەتواناو سەرنج دانێکی زۆر هەیە، پێویستە لەسەر ماموستاو بەڕێوەبەر رەچاوی تواناو زەینی قوتابی بکەن لەکاتی دانانی خشتەی رۆژانەدا، یاخود لەپاش دابەشکردنی پسکیت و شیر وانەی خوێندنەوە دابنرێت، چونکە ئەو قوتابیە توانای جەستەیو زیرەکی بۆ دروست دەبێت.

## ب-شوێنی ئە نجامدانی خوێندنەوە

أ- هۆکارە بەرجەستییەکان:- نابێت وانەی خوێندنەوە لەژووری بچوکدا بوترێتەوە، یاخود روناکی باش و پلەی ساردو گەرما تێدا نەبێت، چونکە ئەمانە هۆکارێکی کاریگەرن لەسەر دەرونی قوتابی لەکاتی فێربووندا، ئەمە جگە لە پەنجەرەی ژووری خوێندن، گەر بکەوێتە سەر شەقامی گشتی، چونکە ئەم حاڵەتەش راستەوخۆ کار دەکاتە سەرئەنجامدانی خوێندنەوەی بەدەنگ و بێدەنگ.

ب- **زۆری ژمارەی قوتابیان:** زۆری ژمارەی قوتابیان هۆکارێکی ترە لەفێرنەبوونی قوتابییان، چونکە ناتوانرێت هەمووی تێدا بەشدار بکرێت، یان ناتوانرێت هەڵەکانی قوتابی راست بکاتەوە، جگە لەمەش کاریگەری هەیە لەسەر خودی قوتابییان

2-نەبوونی هەڵەی رێنوس و جوانی نوسینی پیت و وشەکانی ناو کتێبەکە.

گەورەترین کێشە لەڕوبەری ماموستای سەرەتایی دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەو منداڵانە نەگەیشتوونەتە تەمەنی حەوت ساڵی و ئامادە نەبوون بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نوسین بەهەر شێوازێك بێت دەخرێتە بەر خوێندن کەئەمەش منداڵان توشی زۆر کێشە دەکات، نەك سودی لێببینێت، گەلێك لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە ئەو منالانەی دوای تەمەنی شەش ساڵی بەیەك دوو ساڵ درەنگتر دەست بەفێربوونی خوێندنەوەو نووسین ئەکەن، نەك تەنها لەکۆتایی خوێندنی سەرەتایدا بەهاوڕێکانی تریان ئەگەنەوە، بەڵکو پێشیشیان ئەکەون،

بەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەدواخستنی فێرکردنی خوێندنەوەو نوسین باشترە لەپێش خستنی.

زۆر کەس لەخوێندەوارانیش وا ئەزانن کە ئەگەر منداڵ هەر لە باخچەی ساوایانەوە وردە وردە شتێك لەخوێندنەوە و نووسین فێر ببێت، چاکتر ئامادەو چەشە ئەبن بۆ فێربوونی دوای ئەو پلەیان، بەلآم ئەوەی کەڕاستە ئەمەیە کەمنداڵ لەم تەمەنەیدا مێشك و هۆش و چاو و ماسولکەی قوڵ و دەست و پەنجەی ،وا خۆی نەگرتووە کەهێز بەسەر قورسایی و گرانی و گیروگرفت وشە خوێندنەوەو نووسیندا بشکێت.

لەوە زیاتر کەلەژێر ئەو ئەرکە گرانەدا کەلەتوانای خۆی زیاترە، بڕوای بەخۆیی کەم ئەبێتەوەو فێر نابێت، بۆیە دەبێت توانای جەستەیەو مێشکی و زیرەکی بەهێز بکرێت، پاشان بینێرێتە خوێندگە،بەگشتی زیرەکیش بەدوو جۆر دەردەکەوێ:

1-تەمەنی عەقڵی واتە منالەکە لەتوانای عەقڵیدا زۆر زیرەکەو زوو شتەکان وەردەگرێت، کەئەمەش پەیوەندی بەژیانی چەند ساڵەی رابردویەوە هەیە، واتە بەتەمەنی عەقڵی چەند ساڵێك لەتەمەنی کاتی خۆی گەورەترو لەپێشترە. بەم پێیە منالێك خۆی کەتەمەنی شەش سالأنە بێت، لەوانەیە تەمەنی عەقڵیەکەی نۆ سالأنە دەربکەوێت، یان بەپێچەوانەی ئەمە هەڵبکەوێت، واتە رادەی زیرەکی لەرادەو ئاستی تەمەنەکەی کەمتر بێت، بۆ نموونە منداڵێك تەمەنی (10)سالأن، بەلآم هیچ نازانێت و ئاستی تەمەنی عەقڵی لەحەوت ساڵدایە.

2- بۆ پیشان دانی زیرەکی دەبێت کەبەڕێژەیەکی تایبەتی بخرێتە بەرچاو، وەك:

$$\text{ڕێژەیی زیرەکی} = \frac{\text{تەمەنی عەقڵی}}{\text{تەمەنی کاتی}} \times 100 = \frac{9}{6} \times 100 = 150$$

بەم پێەیەش بێت ئەركی مامۆستا پێگەیاندن و پێشخستنی تەمەنی عەقڵی منداڵە، لەپێناو زوو بنیادنان ودروستكردنی ئایندەی گەل.

## چارەسەركردنی لاوازییەكان بەشێوەیەكی گشتی

مامۆستا دەبێت ئاگاداری هەڵەكان بێت، بەڵام نەتوانینی قوتابی بۆ چارەسەركردنی هەندێك لە لاوازییەكان، وەكو ناتەواوییە لەشی و زمانییەكان ئەوە ناگەیەنێت كەمامۆستا پشت گوێیان بخات، بەڵكو دەبێت سەرپەرشتییان بكات، بەتایبەتی ئەوانەی كەئەندامێك لەئەندامانی لەشیان وەكو( زمان، چاو، گوێ...هتد) ناتەواوە، بۆیە لەسەر مامۆستایە بەردەوام بڕوا بەخۆبوونیان پێببەخشێت و بەشداریان بكات لەوانەكانی خوێندنەوە، یان بەدۆزینەوەی بەهرەیەك تیایاندا لێرەوە لایەنی ناتەواوییەكەیان بشارێتەوە.
چونكە هەرچۆنێك بێت مامۆستا كردەی فێركردنی لەئەستۆدایەو ئەم كردەیەش جیاوازی ناكات لەنێوان قوتابیاندا بەهەر شێوازێك بێت.

## سەرچاوەكان :-

1- ابراهيم امين بالّدار – **الاستعداد للقراءة والكتاب/** 1983

2- **قراءة الخلدونية/**1982

3-**عبد الستار طه (الذخيرة اللغوية عند الطفل/** 1984

4-**مصطفى مندور (اللغة بين العقل والمقامرة)**

5-**طرق تعلم اللغة العربية – للصف الرابع الخاص معهد اعداد المعلمين/** 1988

6-**دروس في اصول التدريس / جزء الثاني ابن خلدون**

7- **مەلزەمەی خوێندنەوەی كوردی، مامۆستا عبدالقادر ماوەتی**

8- **مەلزەمەی بنچینەی وتنەوەی رێگەی كوردی / پەیمانگای مەڵبەندی/ قۆناغی دووەم –بەشی كوردی**

9-**رابەر بۆ مامۆستایانی پۆلی یەكەمی سەرەتای /م عبدالله رضا**

10-**زمانی یەكگرتوی كوردی/ د. جمال نەبەز**

11-**بنچینەی وتنەوەی زمانی كوردی/ حەمە كریم هەورامی** 1970

12- **دليل معلم اللغة العربية د. مجيد ابراهيم**

**د. جاسم محمود الحسون**

**د. عبيد الحق احمد محمد**

13-**وتارێكی د ابراهيم بالّدار ( خوێندنەوە و نوسین ) لەبلاّوكراوەكانی كوردی زانیاری عێراق**

14-**رێنوسی كوردی د. نەسرین محمد فخری**

## پێرست

- مێژویەکی کورتی سەرهەڵدانی دارشتن.
- چەند پێناسەیەکی دارشتن.
- مەبەست لەدارشتن.
- ئەرکی دارشتن.
- سودی دارشتن.
- گیروگرفتەکانی دارشتن و چارەسەرەکان.
-شێوازەکانی دەربڕینی گوزارشت.
1 - دەربڕینی زاری گفتوگۆی ئەدەبی.
- چۆن بەهێز دەکرێت.
- ڕێگای وتنەوەی.
- سودی وانەی زاری.
2 - دارشتنی نوسراو ( وتاری ئەدەبی، پەخشان، نامە ، چیرۆك، بابەتی بیر ).
- چۆن بەهێز دەکرێت.
- ڕێگای وتنەوەی.
- سودی .
- چۆن توانای قوتابی زیاد دەکەین تا دارشتنی باش بێت.
- چەند بابەتێکی دارشتن بەقوتابیان بنوسرێت بەکردار.
- قۆناغەکانی وتنەوەی دارشتن.
- قۆناغەکانی راستکردنەوەی دارشتن.
- چەند ئامۆژگاریەك بۆ مامۆستایانی دارشتن.
- ڕێگاکانی راستکردنەوەو دانانی نمرەی دارشتن.
- ڕێگاکانی وتنەوەی دارشتن.
- پلانی وتنەوەی وانەیەکی نمونەیی‌و کارەکی.
- نوسینی چەند بابەتێکی دارشتن بەقوتابیان هەڵسەنگاندنی دارشتنەکانیان بەکردار.

## مێژویەکی کورتی سەرهەڵدانی دارشتن:

هـەر لەگـەڵ سـەرهەڵدان و بـەکارهێنانی زمـان دا، قسـەکردن بوویـە دیـوێکی دارشـــتن و لەرێگەیـــەوە گوزارشـــتە جیاجیاکـــان دەربـــڕاون، ئەمـــە ســـەرەڕای جێبـەجێکردنی پێداویستیەکانی، ئـەم گوزارشـتانەش بـەپێی مەبەسـتەکان ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕاون، تا وایان لێهات بوونە گوزارشتێکی ئەدەبی، کەلێرەدا ئاوازە ڕۆڵێکی سـەرەکی دەگێڕێـت، واتـە مـرۆڤ لـەپێناو جێبـەجێکردنی، یـاخود ڕاپەڕانـدن و سـەرگرتنی کارەکەیـدا، شـێوازو گوزارشـێکی جـوان و ڕەوانیـان بـەکارهێناوە، ئـەم شێوازە جوانەش سەری کێشا بۆ دەربڕینـی خواسـتە ناخیـەکانی مـرۆڤ، بەشـێوازی جیاجیـا، پـاش هەوڵدانـەکانی مـرۆڤ بـۆ هێنانـە ئـارای نوسـین، نوسـین هاتـە ئـاراو لێرەشەوە زمانی نوسین ( شـێوازی دارشـتن) کاریگـەری خـۆی گێـڕا، چـونکە تـەنها ئـەو شـێوازە ئەدەبیـە دەتوانێـت هێـزی کارتێکـەر لەرێگـەی خوێندنـەوە بگەێنێتـە کەسـی بەرامبـەر، لـەم پێناوەشـدا ڕۆژ بـەڕۆژ گرنگـی و بایـەخی تایبـەتی بـەم شێوازی دارشتنەو جۆری دارشتەنەکان دراوە، لـەم پێناوەشـدا هـەر کارێـك، شـێوازو جـۆرێکی دارشـتنی بـۆ خـۆی قـۆرخ کـردوە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کەشـێوازی دارشـتن، خـاوەنی میکـانیزمێکی هێـزی کارتێکـەرەو لێـرەوە مـرۆڤ دەتوانێـت خواستەکانی خۆی بهێنێتە دی.

## چەند پێناسەیەکی دارشتن:

لەفەرهەنگی پەروەردەدا چاپی نیویۆرك (1954 )کە لەدارشـتن ئـەدوێت ئـەڵێ: دارشـتن (هەڵبـژاردن و ڕێکخسـتن و گەشـەپێدانی هـۆش و بـیرەو دەربڕینـە بەشـێوەیەکی لێهـاتوو)، واتـە دارشـتن پێـك هـاتووە لە(بیرکردنـەوەو دەربـڕین، کەبەئارەزوی نوسەر خۆی بێت)، بەڵام لەپەرتوکی فارسیدا ( انشاء ونوسـیندگی) دانانی ( دکتۆر خدادای) ساڵی (1965) بەم جۆرە پێناسەکراوە:

دارشتن: بریتیـە لەباسـکردن و قسـەلێوەکردن بـۆ ناسـینی بابـەت، یـان باسـکردنی بەنوسـین، یـان بـەجۆرێکی تـر) ئـەتوانین بڵـێن دارشـتن ئـەنجامی بیرکردنـەوەو

سـەرنجدانە لەبابـەتێك كـە شـارەزاييت تێـدا هـەبێت بەنوسـين، هـەروەها (حنـا فاخوری) لە ( الجديد الانشاء 208) دا دەڵێت:-

**دارشتن:** بريتيە لەدەربڕينی تەواوی تاقيكردنەوەی هونـەری خـودی نوسـەرەکە، بـەهۆی ئـەو وشـانەوە کـەتواناو هێـزو وزەی گواسـتنەوەی بەسـەرهاتەکەيان هەيـە، تاقيكردنەوە كە بەتەواوەتی دەگێرێتـەوەو ئـەتوانێ بەسـەرهاتەکەش بـەهێز بكـات لەباشترين شێوەدا.

ئابـەم چەشـنە دەربـڕين، وتـەيی و بيرکردنەوەييـەو توانـای نوسـەر دەردەخـات بەشـێوەيەکی بـاش و تـەواو، هـەروەها خوێنـەريش لێـی تـێ دەگـات و چەشـەی لێوەردەگرێت.

**دارشتن:-** بەهرەيەکی سروشتييەو لەرێگەی خوێندنەوەو فێربوونەوە گەشە دەکات ،لێرەشەوە نوسەر دەتوانێ توانای خۆی دەربڕێت بەجوانترين شێوە.

## مەبەست لەدارشتن

هەموو ئەو جۆرە دراشـتانەی کەلـەبوارە جۆراوجۆرەکانـدا بـەکاردێن، هـەموويان هەڵگری مەبەسـتێکی ديـاريکراون لـەم پێناوەشـدا چـەندين رێگـاو وشـەی جيـاواز بـەکاردەهێنرێن، لـەپێناو گەيانـدنی ئـەو مەبەسـتەدا، بێگومـان بـەکارهێنانی هـەر جـۆرە دارِشـتنێك لـەو دارشـتنانە مەبەسـتەکەش دەگۆرێن،بـەلام مەبەسـت لەدارشتنی قۆناغی سەرەتايی، ياخود فێرکردنی دارِشتنی خوێندکاران بريتيە لە:

1- کێشکردنی خوێندەواران بۆ جيهانی رۆشنبيری.

2- بـەهێزکردن و پـاراوکردنی زمـانی قسـەکردن و نوسـينە، واتـە بـەهێزکردن و راهێنـانی خوێنـدکارە لەبـەکارهێنانی زمـانی گفتوگـۆو نوسـين لەشـوێنی خۆيانداو جياوازيکردن لەنێوان ئەم دوو زمانە لەگەڵ زمانی قسەکردندا.

## ئەركی دارشتن

ئـەو ئەركـەی كەدارشـتن لەسـەریەتی، پێگەیانـدنی نەوەیـە لـەرووی بـەهێزكردنی توانا ژیری و جەستەییەكانەوە، واتە گەلاڵەكردنی كۆمـەڵی وشـەو رسـتەی بـەهێز لەمێشكداو لێرەشـەوە توانـاو متمانـە لـەلای كەسـەكە دروسـت دەكـات، چ لـەكاتی گفتوگۆكردنەكـەدا كـەهانا بـۆ وشـەی جـوان و بـەهێز دەبـات لـەكۆگای مێشـكدا، لەپێناو بەهێزكردنی گوزارشتەكان، یاخود لەكاتی نوسینی هەر بابەتێك.

## مەرجەكانی بابەتی دارشتن

بـــەهۆی جیـــاوازی قۆناغـــەكان و ئاســـتی زیرەكـــی و بیركردنـــەوە، لـــەرووی پەروەردەییەوە هەموو بابەتێك ناتوانرێت بكرێت بەسەر باس بۆ دارشـتن و قسـە لەسەركردنی خوێنـدكار، بۆیـە دەبێـت هـەموو بابـەتێكی دارشـتن ئـەم مەرجانـەی تێدا بێت:

1- سوك و ئاسان بێت. 2- پەیوەندی بەجیهانی منداڵەوە هەبێت.

3- لەگـــەڵ ئاســـت و توانـــای خوێنـــدكاردا بگونجێـــت 4- ســـنورداربێت 5- بابەتەكانی پەیوەندیان بەیەكەوە هەبێت.

## سودی دارشتن

دارشتن كۆمەڵێك سودی هەیە لەهەموو بوارە جیاجیاكاندا بەگشتی:

1- متمانە لەلای خوێندكار لەكاتی نوسین و قسەكردندا دروست دەكات.

2- زمانی نوسین و دارشتنی ئەدەبی بەهێزو پاراو دەكات.

3- هۆكاری رەخنەگرتن و زوو هەستكردنە بەكەموكوریەكان.

4- توانای بەشداریكردن زیاد دەكات و مرۆڤ دور دەخاتەوە لەگۆشەگیری.

5- هۆكاری كارەكیكردنی مرۆڤە لەبوارە جیاجیاكانی ژیاندا.

## گیروگرفتی دارشتن و چارەسەرکردنی:

وتنـەوەی دارشـتن وەنـەبێ وانەیـەکی سـوك ئاسـان بێـت، وەکـو هەنـدێ وا لێـی تێگەیشتون، گەلێ جار دەیکەن بەوانەی خوێندنەوە، یا بابەتێکی تر.

دارشتن مانـای کـارکردن و خۆماندوکردنـە، مامۆسـتای خـاوەن توانـاو بـەهرەدار، دەزانێت چۆن سود لەکات وەردەگرێت و چارەسەری ئەو هۆیانە دەکات، کـە کاریـان کردۆتە سەر خوێندکار و بوونەتە کۆسپ لەرێگەی پێشکەوتن و پـەروەردەکردن و پێ گەیاندیان لەم بوارەدا.

لێـرە هەنـدێ هـۆی سـەرەکی دەسـت نیشـان دەکـەین کەبونەتـە گیروگرفـت و کۆسپ:

## 1-هۆی دەرونی:

نابێ ئـەوە لـەیاد بکـەین کـەجیاوازی زۆر هەیـە لـەنێوان خوێندکارانـدا چ لـەبارەی رادەی هۆشـــیاری و رادەی زانینیانـــەوە، یـــاخود لـــەبارەی ژینگـــەی خێـــزان و پەروەردەکردنیانەوە،لەبـەر ئـەوە خوێنـدکاری شـەرمن و دوو دڵ و گۆشـەگیر زۆر هەیە،هەیانە هەتا بتوانێت لەم وانەیـە دور دەکەوێتـەوە، چـونکە کـەم دەسـەڵات و لاوازە لەدەربڕین و نوسیندا، لەوە دەترسێت هەڵـە بکـات، یـان هەڵـەکانی بکەوێتـە ڕوو.لـەم حاڵەتـەدا مامۆسـتای هەسـتیارو لێهـاتوو پێویسـتە زۆر ژیرانـە رێنمـایی بکات و لەو حاڵەتـە رزگـاری دەکـات بەشێوەیەك تـاوای لێـدێت توانـای بکاتـە کـارو بڕوای بەهێز بێت و ئاسۆی بیری فراوان دەبێت.

لەڕاسـتیدا بابـەتی دەربـڕین یانوسـین باسـێکی ئاسـان نیـە، بـەڵکو پێویسـتی بەبیرکردنـەوە و لێکدانەوەیـە بـۆ دروسـتکردنی ئـەو رسـتەو بیرانـەی کەلـەکاتی داواکردنـدا لەمێشـکی خوێندکارەکـەدا تێپـەڕ دەبێـت، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە سەربەستی تەواویان هەبێت.

## 1- هۆی پەروەردەیی:

لەم بابەتە بایەخدارە بنەڕەتییەدا، پێویستە بـاری کۆمـەڵ رەچاو بکرێت،بێگومـان هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە یان خوێندنگا.

أ- **ماڵـەوە:** گـەلێ خوێنـدکار پـەروەردەی خێزانـی وای لێکـردون، کـە زۆر بێئاگـابن لەهەڵسـوکەوت و بردنەسـەری ژیـانی ڕۆژانـەی خۆیان،ئەمـەش وا دەکات تواناى گفتوگۆو قسەکردنیان نـەبێت نـاو کۆمەڵدا واتـە گەلێ بـاوك و دایـك نـاهێڵن منداڵـەکانیان تێکـەڵ بەکۆمـەڵ بـن، تـاوەکو وایـان لێ دێـت بەخێرایی توشی گۆشەگیرو تورەبوون و هەڵچون ببن، ئەمەش بـەخێرایی کـار دەکاتـە سـەر دەرونیـان، بەرادەیـەکی وا هەسـت بەناتـەواوی دەکـەن، جگـە لەمەش بەدرێژایی ژیانیان باجی ئەم گۆشەگیریە بدەن

مامۆستا دەبێت لـەم ڕووەوە چاك ئاگـادار بێت و بزانێت چۆن چارەسـەری ئـەم کەموکوڕیانـە بکـات، ئـەویش بەنەهێشـتنی ئـەو بەربەسـتانەو ئاسـایکردنەوەی گرێکان.

ب- **قوتابخانە:** مامۆستا گەلێ جار داوای داڕشتنی پوخـت و چاك لەقوتابییـەکانی دەکات کەبۆی بنوسـن؟لەکاتێکدا قوتـابی لـەقۆناغی فێرکردنـدا، ئـیتر چۆن دەسـت پـێ بکەن؟ چۆن کۆتـایی پـێ بهێـنن؟ یـان هەنـدێ جار خـۆی چـەند دێرێکـی بـۆ دەنوسـێ و داوای لێ دەکـات لەبـەری بکـەن، هـەروەکو لەکۆنـدا بـاو بـووە، ئەمـە هەڵەیەکی گەورەیە،چونکە هیچ لەگیروگرفتەکە کـەم ناکاتـەوەو توانـای داهێنـان و نوسینیشـی تێـدا چـەکەرە ناکـات، پێویسـتە مامۆسـتا بزانێـت چـۆن لەسـەرەتای ساڵەوە دەسـت بەوتنـەوەی وانـەی داڕشـتن دەکـات، بـەوەی لەسـەرخۆ ووردە ووردە هەنگاو دەنێت بەگوێرەی پلەو ئاستی قوتابیانی لەسوکەوە بۆ قورس تـاوای لێـدێت بتوانێت:

أ- جیاوازی نێوان قوتابیەکانی بۆ دەردەکەوێت.

ب- هەڵوێست و ئارەزو و پێویستیەکانیان ئاشکرا دەبێت.

ت- رادەی پێگەیشتن و بۆچوون و توانایان دەردەکەوێت

ث- مامۆسـتا نـابێ ئـەوە لـەیاد بکـات ئـەو بابەتانـەی کـە بـۆ قوتابیـانی هـەڵ دەبـژێرێت، پەیوەنـدیان هـەبێت بـەژیانی ڕۆژانەیانـەوە، تـا بتوانێـت دەریـان ببڕێت و هەستیان ببزوێنێت و توانایـان بەسـەریا بشکێتەوە لـەکاتی نوسـین و

باسکردندا، نەك بابەتی وشك، دەبێت بابەتەکانی ئامانجی پەروەردەیی گشتی و تایبەتی بگرێتەخۆ، مامۆستا نابێت هەلی بیرکردنەوەی روداوە گرنگەکان لەدەست بدات و ئاستی قوتابیانی پێ زاخاو بدات، ئەم ئاراستەکردنەش وەکو باسمان کرد، دەبێت وابێت چاو ساغانەو بەجوانی تێیان بگەیەنێت و شارەزای ژیانیان بکات، جگە لەم هۆیانە هەندێ هۆی تریش هەن کەئەمانەن:

1- نەشارەزایی هەندێ مامۆستا لەرێگەی وتنەوەی دارشتندا.
2- دانەنانی پلان بۆ وتنەوەی وانەکە.
3- بەکارنەهێنانی رەگەزی بابەت، یان نەکردنی بابەتەکە بەچەند پرسیارێك.
4- نەبوونی سەرچاوە بۆ وتنەوەی لەزمانی کوردیدا.
5- کەمی وانەکانی زمانی کوردی دیارینەکردنی وانەی دارِشتن لەهەفتەدا.
6- هەندێ وا تێدەگەن مەبەست لەوانەی زمان تەنیا رێزمان و دەقی وێژەییەو بەس.
7- گوێ نەدانی مامۆستا بەنوسراوی خوێندکار، دەبێتە هۆی گرنگی نەدانی بەدارِشتن، یاخود بێدەنگ بوونی مامۆستا کاتێك دەزانێت دارِشتنەکە بۆ خوێندکار لەلایەن کەسانی بەتواناوە نوسراوە.

ج- **هۆی زمان:** هۆی زمان کارێکی زۆر دەکاتە سەر قوتابیەکە، نەشارەزایی لەفەرهەنگ و وشەو رستەدا، دەبێتە هۆی دەربرِینی لاوازو و وا لەقوتابی دەکات لەژیاندا نەتوانێت پێویستیەکانی خۆی بەباشی جێبەجێ بکات، بۆیە دەبێت هەوڵ و تەقەلایەکی بێپایان بدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناتەواویە، بێگومان خوێندنەوەی بەردەوام و قوڵ و هەستیارانە، بەبیرو چەشەیەکی وێژەیی پاك و بێگەردەوە، دەبێتە هۆی چەکدارکردنی مرۆڤ و سەرکەوتنی بەسەر ئەم کۆسپەدا، بەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیش ئارەزوی قوتابی گەشە دەکات و توانای نوسینی دارِشتنی بەرەو باش بوون دەرِوات.

# شێوازەکانی دەربڕینی گوزارشت

أ- دەربڕینی زاری ( گفتوگۆی ئەدەبی، دوانی ئەدەبی)

ب- دارشتنی نووسراو ( داڕشتنی ئەدەبی)

وەك:

1- پەخشان 2- وتاری ئەدەبی 3- نامەنووسین 4- چیرۆك

## هەموو داڕشتنێك، یان باسێك لەسەر دوو کۆڵەکە وەستاوە:

## أ- بیرکردنەوە

## ب-دەربڕین

أ- **بیرکردنـەوە:** بـۆ ئـەوەی قوتابیـان رابهێـنین لەسـەر بیرکردنـەوە پێویسـتە مامۆسـتا کـارێکی وا بسـازێنێو بابـەتێکی وایـان ئاراسـتە بکـات کەلەگـەڵ حەزیاندا بگونجێ، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەبێت هێمن و لەسـەر خۆبێت و سەربەسـتی تـەواویان بـداتێ، تـا بتـوانن بـەجوانی بیربکەنـەوە و هەسـتی دەرونیان دەربـبڕن، ترسانی قوتـابی وشکاندنی، وای لێدەکات بـڕوای بـەخۆی نـەمێنێت، پرسـیار و وتوێـژ بەچەشـەیەکی پـاك و بێگـەردەوە، دەبێتـە هـۆی فـراوان بـوونی ئاسـۆی بـیری قوتابیـان، پێویسـتە مامۆسـتا وانەیـەکی نـوێ و بیرێکـی نـوێی ئامـادە کردبێـت، تـا ئـەو بـیرە نوێیـە ببێتـە ( تەوەرەیـەك) بـۆ لێکۆڵینـەوەو گفتوگـۆ لەگەڵیاندا،بەمـەش ئاسـۆی بیریـان فـراوان و بـەهێز دەبێـت، پێویستە مامۆستا مێشك و دەربڕینـی قوتابیـەکان ئامـادە بکـات بـۆ وەرگرتنی بیری نوێ.

(جـۆن دیـوی) لـەبارەی بیرکردنـەوە دەڵێـت: ( بیرکردنـەوە کاریگـەرێکی چـاکە، هۆیەکی کاریگەرە بـۆ چارەسـەرکردنی کۆسـپ و سـەرکەوتنی بەسـەریدا بەئاسـانی، ئـەم زانایـە دیـارە بیرکردنـەوە دەکـا بەچواربەشـەوە بەئاسـانترین کـرداری ژیـری دەست پێدەکات و بەئاڵۆزترین کرداری ژیری کۆتایی پێ دەهێنێت.)

**بیرکردنەوەی شیتەڵی:-** بەرزترین جۆری بیرکردنەوەیە، بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوەی (باوەرهێنان، گیروگرفت، راستی) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کەئێمە (مەبەست و ئامانجانە) بەکاری دەهێنین لەفێرکردنی نوێدا، دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی بەشێوەیەکی زانستیانە بیربکاتەوە.

**ب- دەربـڕین:** دەربـڕین پێویستی بەتوانایەکی تەواو هەیە بۆ دەرخستنی مەبەست، دەربڕینی بچڕ بچڕو وشەی دوبارەکراو بێ واتا، بیرەکە دەمرێنێت،بێگومانیش بێدەسەلاتی لەزمان و دەربڕیندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بیرە دەرنەکەوێت و دارشتنەکە مەبەست نەدات بەدەستەوە، قاڵکردنی قوتابی لەسەر دەربڕینی هەست و سۆز، بەوتەی جوان و سفت، هۆکاری دەربڕینی هەستی ناخە بەجوانترین وشەی سەزاری، یان نوسراو، هاندانی قوتابی راستکردنەوەی دەربڕینی لەکاتی خوێندنەوەدا، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانای خوێندکاران، لەڕاستیدا زۆر هەن توانای دەربڕین و قسەکردنیان نیە لەگەڵ کەسانی تردا، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێ خستنی ئەو دو کۆڵەکە بەهێزە، ئەبێ قوتابی فێری (هونەری دەربڕین و جوانکاری دەربڕین) بکەین، چونکە ئەگەر دەربڕین دەماری هەستی مرۆڤ نەزرنگێنێتەوە،ئەو بابەتە بێتین وبێ گیانە.

## أ-دەربڕینی زاری ( گفتوگۆی ئەدەبی، دوانی ئەدەبی )

ئەو جۆرە شێوازەیە کەمرۆڤ لەکاتی چوونە قۆناغی گفتوگۆی ئەدەبییەوە بەکاری دەهێنێت، واتە ئەو شێوازەیە کەمەرجە وشەی کەم و پڕواتاو بەهێز بەکاربهێنرێت، لەپێناو بەهێزکردنی سیماو شێوازی دارشتنەکەو بەهێزکردنی بیرەکەو کارکردنە سەر بەرامبەرەکەی، ئەم شێوازەش جیاوازی هەیە لەگەڵ شێوازی ئاسایدا، یاخود (زاری ئاسایی)، چونکە ئەم حاڵەتە ئەو قسەکردنانە دەگرێتەوە کەڕۆژانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشو کارەکان پەیرەو دەکرێن، بەبێ گوێدانە جۆری شێوازو مەبەست، بەڵکو تەنها مەبەست لەراپەراندنی کارەکەیە،

**دەربڕینی زاری چۆن بەهێز دەکرێت:** دەتوانرێت بەم رێگایانە بەهێز بکرێن.

1- بەپێی قۆناغ و تەمەن و توانای خۆی کتێب و گۆڤارو رۆژنامە بخوێنێتەوە، یان رابهێنرێت لەسەر خوێندنەوە.

2- وشەی نایاب و بەپێزی فێر بکرێت کەلەو قۆناغەیدا پێویستی پێیەتی بۆ دەربڕینی خواستەکانی.

3- فێری شێوازی قسەکردن و دەربڕینی بۆچون و گفتوگۆ بکرێت بە:

أ- فێری پشو درێژی و سنگ فراوانی بکرێت.

ب- چاوەڕێی بەرامبەر بکات و قسەی پێ نەبڕێت.

ت- دور بخرێتەوە لەروانگەی بیری خۆی، واتە کاریگەر بێت بەرای خۆی و بیەوێت بیسەپێنێت.

ث- بەردەوام و لەهەموو وانەیەك و قۆناغەکاندا گفتوگۆی زاری بەیەکەیەکەی خوێندکاران بکرێت، لەپێناو بەکارەکیکردنی ئەم قۆناغە لەناو خوێندکاران و دورخستنەوەیان لەو گۆشەگیری و شەڕو.. تێیدا دەژی.

## رێگاکانی وتنەوەی دەربڕینی زاری

ئەو رێگایانەی زانایانی پەروەردە دەست نیشانیان کردوە بۆ وتنەوەی وانەی گفتوگۆ، تا توانای خوێندکار بەهێز بکات و زمان پاراو پوخت بێت ئەمانەن:

1- مامۆستا خۆی لەبارەی بابەتێك، یان باسێکەوە چەند پرسیارێك ئامادە دەکات، بەمەرجێك بابەتەکە لەگەڵ تەمەن و پلەی خوێندن و دەوروپشتی خوێندکارەکان و ژیانیاندا بگونجێت و بەدەباشیری رەنگاو رەنگ لەسەر تەختە ڕەشەکە بنوسێت، ئەم رێگا هاندەرێکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندکاران.

2- مامۆستا خۆی لەبارەی باسێکەوە دەدوێت بەبێ پرسیارکردن تا بەتەواوەتی تەواوی دەکات، لەپاشاندا داوا لەخوێندکارەکانی دەکات تاوەکو بزانێت ئەتوانن بگێڕنەوەو باسی بکەن یان ناساندنێکی گشتیان لەبابەتەکە وەرگرتووە،، ئەگەر بۆی دەرکەوت دەتوانن ڕاڤەی بکەن، چەند قوتابیەك

هەڵ دەسێنێت بۆ ئەو مەبەستە، ئەم ڕێگایە زیاتر بۆ کورتە چیرۆك بەكار دەهێنرێت،پاشان مامۆستا دەگرێت لەوانەکەیدا ئەم هەژانە ئاراستە بكرێت ئەتوانێت داوا لەقوتابییەكانی بكات بۆ وانەی داهاتوو بەنوسراو بینوسن.

3- یان مامۆستا داوا لەقوتابیەكانی دەكات و دەڵێت: كێ دەتوانێت بەسەرهاتێك، یان ڕوداوێكمان بۆ بگێڕێتەوە، لەپاش ئەوەی جموجوڵ ئەخاتە نێوانیانەوە، چەند قوتابییەك ئامادەیی خۆیان نیشان ئەدەن،لەو بابەتەی كە مەبەستیانەو چەشەیانی بزواندووە، تاوەكو وتوێژی لەسەر بكەن، ئەم ڕێگەیە ئاسۆی بیریان بەهێز دەكات و توانای ڕێكخستنی ڕستەو دەربڕینیان پەرەدەسەنێت.

4- مامۆستا دەتوانێت تابلۆیەك بباتە پۆلەوە، بەمەرجێك وێنەو ڕەنگەكانی بەتەواوەتی ئاشكرا بێت و بابەتێكی ڕوون و ئاشكرا دەربخات، پاش ئەوەی قوتابیەكان سەرنجی تەواو لەتابلۆكە دەدەن، مامۆستا دەست دەكات بەپرسیار كردن لەو ڕەگەزانە، یا لەو وێنانەی كەلەتابلۆكەدا دیارە، وەڵامی ڕاستی قوتابیەكان لەسەر تەختە ڕەشەكە تۆمار دەكات، بەم شێوەیە تابلۆكە وەك تەوەرێكی لێدێت، قوتابیەكانیش بەدەوریدا دەسورێنەوە، تا وایان لێدێت بەتەواوەتی دەگەنە ئەنجامی مەبەستەكە.

## ئاما نجی دەربڕینی زاری

ئامانج لەدەربڕینی زاری ئەوەیە قوتابی ڕابهێنرێت و مەشقی پێ بكرێن، تا وەكو توانای ئەوەی تێدا پەرەبسەنێت، كەبتوانێ ئەو زانیاری و زانستانەی لەوەو پێش فێری بووە، یان لەمەودوا فێری دەبێت بەڕاست و ڕەوانی دەری ببڕێت، بەبێ دوو دڵی و سەرلێشێوان. لەدەربڕینی زاریدا قوتابی سەربەستە بەئارەزوی خۆی لەبابەتەكە بدوێت، ئەگەر ئەو بابەتەی داوای لێكردووە لەگەڵ ئاستیدا بگونجێت زیاتر هەست و سۆزی قوتابیەكە دەبوزێنێت، و لێرەشەوە تواناكانی خۆی و داهێنانەكانی لەگەڵدا تێكەڵ دەكات، پێویستە مامۆستا وتوێژ بەقوتابی

نەبڕێت، بەشتێکی ناپەسەندو ناپەروەردە دەژمێرێت، چونکە دەربڕینەکە لە هەست و نەستی ناو دەرونیەوە هەڵ دەقوڵێت، جگە لەمەش تاوەکو قوتابیەکە سارد نەبێتەوەو ئەو بەهرەو هەستەی کەهەیەتی نەخنکێنرێت.

## سودی وانەی زاری

وانەی زاری ئەم سودانەی خوارەوە بەقوتابی دەگەیەنێت:

1- خوێندکار لەقۆناغی هەڵچونەوە، دەخاتە قۆناغی بەئەدەبی بوونەوە.

2- گرنگترین هۆکارە بۆ خۆناساندن و گەشەسەندنی بیری خوێندکار.

3- خوێندکار لەهەموو جۆرە هەڵەو تەمەڵی و شێوازەکانی وەڵامدانەوەی هەڵە، دور دەخاتەوە.

4- قوتابی لەسەر بناغەیەکی وا پەروەردە دەبێت کەتوانای دەربڕین و بەکارهێنانی گوزارشتی گەشە بکات.

5- شارەزایی لەزمانەکەدا پەیدا دەکات.

6-توانای لێکدانەوەو بیرکردنەوەی بەهێز دەکات و گیانی رەخنەگرتن تێدا سەرهەڵدەدات.

7-کەسێتی قوتابیەکە پتەو دەبێت، بەشێوەیەکی وا کەبڕوای بەخۆی هەبێت لەژیاندا، لەبەرامبەر چارەسەرکردنی تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی.

8-رادەی تێبینیو بیرتیژی و بۆچون بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی تیا پەرەدەسێنێت.

9-توانای وەڵامدانەوەی بەخێرایی تێدا پەیدا دەبێت و فێری راستی و راست گۆیی دەکات.

10-چەشەی ئەدەبی زیاد دەکات بۆ هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی بابەتی پڕ واتاو بەنرخ.

11-توانای دواندنی تێدا دەبێت بێ ئەوەی شەرم بکات، یا بشڵەژێت لەکاتێکدا بیەوێت لەناو کۆمەڵێکدا وتارێك بخوێنێتەوە.

**چـۆن دەربڕینـی زاری بـەهێز دەکرێـت:** دەتوانرێـت بەگرتنەبـەری ئـەم ڕێگایانەی خوارەوە توانای خوێندکار بەهێز بکرێت

1- بـەردەوام دارشـتنی پێبکرێـت و کـەم و کوریـەکان لەپۆلـدا بـاس بکرێـت و چارەسەرەکان بخرێنە ڕوو.

2- لەگـەڵ دارشـتندا خوێندنـەوەی مەبەسـتداری هـەبێت، واتـە وردبونـەوە لەشـێوازو چـۆنیەتی نوسـینەکە، لـەپێناو سـود وەرگـرتن لەشـێوازو جـۆری ڕێکخستنی وشەکان.

3- بەردەوام پێویستی بەوشەی جوان و پاراو نوێ هەیە، کەدەبێت فێـر بکـرێن و لەبابەتەکەدا بەکاریان بهێنێن.

4- بـەردەوام و بەشـێوەی هەفتانـە دارشـتنی پـێ بکرێـت، تـاکو مامۆسـتا دڵنیـا بێت لەفێربوون و حاڵەتەکانی گۆڕان لەخوێندکاردا.

5- فێری ڕێکخستنی وشەکان و پەیوەندیە بیریەکان بکرێت.

## ب-دارشتنی نوسراو:

ئـەو جـۆرە دارشـتنەیە کەتێیـدا رەچـاوی هـەموو مـەرج و یاسـاکانی دارشـتن و نیشـانەکانی خاڵبەنـدی تێـدا رەچـاو دەکرێـت، چـونکە تـەنها ئـەم حاڵەتانـە دەتوانێـت لەلایـەك جیـاوازی بکـات لـەگفتوگۆی زاری و لەلایـەکی تریشـەوە نوسـراوەکە، بـە بـەهێزی و کاریگـەری بهێڵێتـەوە. ( ئـەم جۆرەیـان پـاش بڕینـی جـۆری یەکـەم دێـت و پێویسـتە مامۆسـتا زەمینەیـەکی باشـی بـۆ خوێنـدکار رەخسـاندبێت، کـەبتوانێت بـەبێ قسـەو باسـکردن دارشـتنێك بنوسـێت، رادەی رەنگدانـەوەی بـەهێزی ئـەم دارشـتنەی خوێنـدکار بەنـدە، بـەڕادەی تێگەیشـتن و ماندووبوونی مامۆستاوە.

## ڕێگەکانی وتنەوەی دارشتنی نوسراو:

1- مامۆستا بابەتێکی (نیشتمانی ،کۆمەلأیەتی ،نەتەوەیی، بۆنە،....) هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە ناونیشانی داڕشتنەکە.

2- مامۆستا کۆمەڵێ پرسیار لەسەر بابەتەکە دروست دەکات و لەلایەکی تەختە رەشەکە دەیانوسێت.

3-گەر بابەتەکە پێویستی بەبیرکردنەوە هەبوو مامۆستا مێژوویەکی باسەکەو چەند حاڵەتێکی پێویست لەبارەیەوە دەخاتە ڕوو، لێرەشەوە گەلأڵەکردنێکی گشتی لەلای خوێندکاران، سەبارەت بەنوسین لەسەر بابەتەکە دروست دەبێت.

4- شێوازی نوسینی داڕشتن بەتێبینی بۆیان دەنوسێت و لەسەرەتادا مامۆستا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت بۆ گرتنەبەری شێوازی نوسین لەنێوان خوێندکاراندا.

## سودەکانی ئەم شێوازە

1- گرنگترین هۆکاری رۆشنبیرکردنی مرۆڤە.

2- لەرێگەیەوە چالاکیەکی تەواو دەدرێت بەمێشك و بەردەوام مێشك دەخاتە قۆناغی بیرکردنەوەو دوانەوە.

3- خوێندکار لەقۆناغی خوێندەواریەوە دەخاتە قۆناغی رۆشنبیریەوە.

4- بەردەوامبوون لەسەر ئەم شێوازە، خوێندکار بەردەوام دەخاتە قۆناغێکی نوێترەوە.

تێبینی: لەهەردوو شێوازەکەدا دەبێت مامۆستا چەند خاڵێك پێش گفتوگۆلەسەرکردن ، یاخود نوسینی بابەتی داڕشتنەکە لەلایەن خوێندکارەوە بگرێتەبەر لەوانە (پێشەکیەك، کورتەیەك و شیکارێکی جوان لەسەر بابەتەکە، پرسیارو گفتوگۆکردن) ئەمەش لەپێناو شارەزابوونی خوێندکار لەبابەتەکە و کۆکردنەوەی بیرو کۆمەڵێ رستە لەمێشکی خوێندکاردا.

## ئامانج لەدارشتنی نوسراو

ئامـــانج لەوتنـــەوەی ئـــەم جـــۆرە دارشـــتنە لەهـــەموو قۆناغـــەکانی خوێندنـــدا، پێگەیانـــدن و پـــەروەردەکردنی هـــۆش و توانـــای خوێنـــدکارە بـــۆ بیرکردنـــەوە و دەربڕین بەرێگەیەکی ڕاست، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی.

## زمانی دارشتن لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا

**قۆناغی یەکەم**( 1939-1898 )

**قۆناغی دووەم** ( 1970-1940 )

**قۆناغی سێیەم**( 2004-1970 )

**أ-قۆناغی یەکەم :**

هەر لەسەرەتای دەرچونی یەکەم رۆژنامەی کوردیدا کە رۆژنامەی کوردستانە لە 1989/4/22 زمـانی نوسـینی کـوردی دەسـتیپێکردو ئـەم رۆژنامەیـە بـوو بـە بەڵگەی چۆنیەتی زمـانی دارشـتن و مانـەوەی زمانەکـە وەك خـۆی، ئـەو زمانـەی کەلە نوسینی وتارو بابەتەکانی ئەم گۆڤارەدا لەگەڵ ئەوەی سـەر بـەزاری کرمـانجی ژوورو، زیـاتر وشـەی بێگانـەو شـێوازێکی ئـاینی لـەخۆگرتووە، واتـە بەتـەواوی جیـاوازە لەگـەڵ ئـەو زمانـە کرمانجیـەی کەئێـستا لەگۆڤارەکانـدا بـەکاردەهێنرێت بەهـەمان شێوەش نوسـینی کرمـانجی خـواروو هەیـە لەرۆژنامـەکانی شـێخ محمـود (بانگی هەق، ئومێدی ئیستیقلال و ژیـن و ژیـان و گۆڤـاری رۆژی کـوردو گەلاوێـژ، هەموویان شێوازێکی ساکاریان هەیەو سیمایەکی بێگانەو زاڵبوونی وشـەی بێگانـەی تێـدا دەبینرێـت، ئەمـەش لەئـەنجامی کەوتنـە ژێرکـاری زمـانی عـەرەبی بـەهۆی ئـاینی ئیسـلامەوە و زاڵبـوونی وشـە عەرەبیـەکان و بـەکارهێنانیان لەلایـەن خوێنـدەوارە کوردەکانـەوە، چـونکە هـەموویان لـەحوجرەو مزگەوتەکانـداو بەعەرەبی خوێندویانە، لەبەر ئەوە لەقۆناغی یەکەمـدا شێوازی دارشـتن و زمـانی دارشـتن لەلایـەك سـادەو لەلایـەکی تریشـەوە پـڕ بـووە لەوشـەی بێگانـە، ئـەو

رۆژنامانــەی کەلــەقۆناغی یەکەمــدا جێگــەیان دەبێتــەوە بریتیــت لە(کوردســتان- 1898) (کـــورد-1917) (رۆژی کـــوردی) (ئەســـــتمبوڵ1913)، کوردســــتان (ئەستمبوڵ 1917، تێگەیشتنی راستی بغدا 1918، ژین (ئەستمبوڵ 1919)، پێشکەوتن (سلێمانی 1920) رۆژی کوردستان (سلێمانی 1922) بانگی هەق (سلێمانی 1923...) گۆڤارەکانیش گۆڤاری (کوردستان (ورمێ، 1912، ژین قاهرە 1916، زاری کرمانجی (رەواندز 1926، گۆڤاری (هاوار ( شام 1932، روناکی هەولێر 1930، گەلاوێژ بەغدا 1939).

## ب-قۆناغی دووەم:

دوابەدوای ئەم گۆڤارەو رۆژنامانە کورد لەم بوارانەدا ئەزمونێکی باشی وەرگرت، چ لەڕوی تەکنیکی گۆڤارو رۆژنامەکان، چ وەك زمانی داڕشتن و ناوەرۆکی گۆڤارو رۆژنامەکان، هەر لەم ڕوانگەشەوە گەر بەراورد بکرێت لەپێش سالأنی چلەکان لەگەڵ دوای چلەکان هەست بەگۆڕانکاری دەکرێت، بەلأم لەشەستەکانەوە بەتەواوی ئەو گۆرانکاریانە لەگۆڤارو رۆژنامەکانیشدا دەبینرێت بەلأم لەساڵەکانی چلکانەوە تا شەستەکان ئەو گۆڕانکاریانە جەوهەری نەبوون بەپێی ساڵی گۆڕانکاریەکان زیادو هەمەجۆربوون، چ لەڕووی روخسارو ناوەڕۆکەوە، یان پیادەکردنی مەرجەکانی رۆژنامەوانی (لەمانەش گۆڤاری (روناهی شام،1941 ، دەنگی گێتی تازەن بەغدا 1943، نیشتمان مەهابات 1943، هاواری کورد مەهابات 1945، هەلألە بۆکان 1946 هاواری نیشتمان 1946، نزار بەغدا 1948، پەیام بەغدا 1952، هەتاو هەولێر 1954 ،شەفەق کرکوك 1958، رزگاری 1959).

رۆژنامەکانیش (کوردستان (ئێران- 1945)، رێگا(مەهابات 1948) هەولێر (هەولێر 1950)، رای گەل (کەرکوك 1959).

بەگشتی زمانی داڕشتن لەم قۆناغەشدا جۆرە تێکەڵی و هەڵەی رێنوسی و خالّبەندی تێدا دەبینرێت، هەر چەندە هەوڵی باش دراوە بۆ بەبەرداکردنی گیانی کوردی رەوان بەنوسینەکاندا، لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی بێگانەدا بەلأم

بابەتەکان زیاتر فۆلکلۆرو چیرۆکی کوردەواری و بابەتی رەسەنایەتی کوردین، ئەم حاڵەتەش لایەنێك لەلایەنەکانی زمانی دارشتنی بەهێز کردووە.

ج ) **قۆناغی سێیەم:** لەقرناغی سێیەمدا و لەساڵانی حەفتاکانەوە بەتەواوی رۆژنامەو گۆڤارەکان گۆرانکاریان بەسەرداهات، چونکە لەلایەك (کورد خاوەنی چەند چاپخانەیەك بوو، لەلایەکی ترەوە کولێژی تایبەت بەم کارە کرانەوە، کەسانی پسپۆڕ تێیدا دەرچون، لەم بوارەدا کاریان کرد، هەر بۆیە زمانی دارشتن لەم گۆڤارو رۆژنامانەدا بەتەواوی گۆرانکاری بەسەردا هات و زمانی دارشتن رێچکەی خۆی وەرگرت و حساب بۆ چۆنیەتی نوسین و خاڵبەندیو خۆبەدوورگرتن لەوشەی بێگانە کراوە، جگە لەمەش لەدوای راپەرینی بەهاری 1998ەوە ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کەدەرچون، نەك هەر خۆیان لەوشەی بێگانە بەدوور گرت، بەڵکو وشەی نوێیان بۆ ئەو وشەو چەمکانەی کەلەکوردیدا نەبوون دۆزیەوە، لێرەشەوە کۆمەڵێکی زۆر وشەو زاراوەی نوێ سەری هەڵدا، هەرچەندە هەندێ وشەو زاراوەی وەك وشەی ئینگلیزیەکان، یاخود (لاتینیەکان) وەرگیراون، ئەمەش لەبەر گرنگیو زەرورەت بوون.

ئەو رۆژنامەنامەی کەلەم قۆناغانەدا دەرچون رۆژنامەکانی (کوردستان 1960، التاخی 1963، نور 1968 هاوکاری، عێراق...) دوای ڕاپەڕینیش (کوردستانی نوێ، هەرێمی کوردستان، ئالآی ئازادی، رێوان....)

گۆڤارەکان ( چارەسەری کشتوکاڵی 1960، رۆژی نوێ، 1960، شمس کردستان، کاروان، رۆشنبیری نوێ، بەیان) دوای راپەرینیش ( رێبازی نوێ، پەیڤین، ئێستا، ئاینده، رامان، کاروان، گەلاوێژی نوێ..)

ئەم گەشەکردنەی سەدەی بیستەمی رۆژنامەوانی و زمانی رۆژنامەگەری کوردی، دەگەرێتەوە بۆ هێنان و دامەزراندنی چاپخانەکان کەبریتین لە: 1- چاپخانەکەی حسێن حوزنی موکریانی 1915 لەشاری حەلەب و دواتر گواستنەوەی بۆ رەواندز و دوای کۆچی دوایی کردنی لەساڵی 1947 گوێزرایەوە هەولێرو

ناوەکەش کرا بەچاپخانەی کوردستان و مامۆستا گویی موکریانی سەرپەرشتی دەکرد.

2-چاپخانەی ژین کەلەلایەن ئینگلیزەکانەوە دامەزرا دواتر کەوتە دەست پیرەمێردی شاعر

3-چاپخانەی (کامەران) لەسەرەتای شەستەکاندا دامەزراوە و دواتر کرایە (چاپخانەی (کامەرانی)

4-چاپخانەکەی کاکەی فەلاح لەسەرەتای حەفتاکاندا

5-زانکۆی سلێمانی 1968

لەگەڵ گەشەکردنی تواناو رەخساندنی دەرفەت بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاوی رۆژنامەگەری، لێرەشەوە فەزای زمانی دارشتن خۆی لەزمانێکی شێوە ئەدەبی یەکگرتوودا دەبینێتەوە لەگەڵ رەچاوکردنی یاساکانی زمان و دەستورەکانیدا، هەرچەندە تا ئێستاش هەندێ کەموکوڕی لەرۆژنامەکاندا بەگشتی دەبینرێت، بەلاَم زمانی دارشتنی دورە لەوشەی ئاسایی بێواتاو دوبارەکردنەوەی وشەو رەچاونەکردنی شێوە زار لەنوسیندا، واتە بەکارهێنانی زمانێکی پاك و رەوان و بەشێوەیەکی وا زۆر بە ئاسانی لەزمانی ئاخافتن جیابکرێتەوە و کار لەکەس بەرامبەر بکات، هەر ئەم کاریگەری و بەکارنەهێنانی هەموو وشەیەك لەنوسیندا، دەبێتە ناسێنەرو سیمای زمانی دارشتن لەنوسیندا.

مامۆستایان و پسپۆرانی پەروەردە، لەپێناو هاندانی خوێندکار و فێربوون و پێگەیاندنیان، گرنگی دارشتنی نوسراو لەوەدایە ئەو بیرو هەستەی بەدڵدا دێت لەکاتی بیرکردنەوە لەناو ناچن و لەبیر ناچنەوەو تۆمار دەکرێت و دەبێتە هۆی لەبەرکردنی گیانی نەمری، چونکە ئەو بیرانەی کەلەقوڵایی دەروندا بەرپا بووە بۆ هەست کردن بەدەربڕین، بەشێوازێکی رێك و رەوان و پەسەندو بەوشەی دارێژراو تۆمار دەکرێت.

## چۆن توانای قوتابی بەهێز دەکەیت، تاوەکو دارشتنی باش بێت؟

1- پێویستە مامۆستا هانی خوێندکار بدات بۆ خوێندنەوەی بابەتی وێژەیی بەشێوەیەکی قوڵ و وریایانە، تاوەکو هۆگربن پێوەی و شارەزایی پەیدا بکەن لەزمانەکەدا.

2- پێویستە مامۆستا پێیان راگەیەنێت کەلەکاتی خوێندنەوەدا دەفتەرێکی بچوکی بەرباخەڵیان پێ بێت، بۆ ئەوەی هەر رستەو وشەیەکی جوانیان بەرچاوکەوت تیایدا بنوسێ، بۆ ئەوەی سود لەوشەو رستانە وەربگرن لەکاتی پێویستدا.

3- هاندانی خوێندکاران بۆ لەبەرکردنی پەندی پێشینان، وتەی بەنرخ، سەرگوزشتەی بەکەڵك، هۆنراوەی جوان، ئەمەش رۆڵێکی یەکجار گرنگ ئەبینێ بۆ بەهێزکردنی بابەت چ دارِشتن بێت، یا نوسراوی تر، هێنانەوەی ئەم نمونانە لەشوێنی خۆیدا جێگای پەسەندی و تەواوکردنی مەبەستە.

4- هاندانی خوێندکاران بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو گوێگرتن بۆ بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆن بەتایبەتی وێژەیی، چونکە شارەزابوونی لەروداو کارەساتدا پەیدا دەکات، هەروەها بەشداریکردن لەکۆرەکاندا دەبێتە هاندانێکی باش بۆ پەروەردەکردنی بیروهۆش.

5- هاندانی بۆ نوسین بەرێنوسێکی چاك.

6- پێویستە مامۆستا بەچاکی فێری خاڵبەندییان بکات و رِایان بهێنێت لەسەر ئەم حاڵەتە.

7- پێویستە فێری ئەوەیان بکات هەر بابەتێکیان نوسی، بەپێشەکییەکی کورت دەست پێبکەن و بیبەستن بەو باسانەوە کەپەیوەندیان پێوەی هەیە.

8- هاندانی خوێندکاران بۆ نوسینی بلاَوکراوەی دیوار و راپۆرت، لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی و برِوا بەخۆ پەیداکردن.

9- ئەگەر بابەتێك پێویستی بە بەراورد هەبوو، ئەبێ مامۆستا بەجوانی جیاوازیەکانیان بۆ بخاتە رِوو.

10- بۆ ئەوەی خوێندکار باوەڕی بەخۆی بێت، نابێ مامۆستا بابەتی کەسانی تری پێ لەبەر بکات.

11- ئەگەر بابەتی پەرتوکێك، گۆڤارێك، چیرۆکێك لەپۆلدا خوێندرایەوە، پێویستە مامۆستا بەجوانی بۆیان ڕاڤە بکات ، لەپاشاندا ئەتوانێت داوای پوختەی بیرەکەیان لێ بکات کەبینوسن، نەك دووبارە نوسراوەکە بنوسێتەوە وەکو خۆی.

12- پێویستە مامۆستا خوێندکارەکانی رابهێنێت لەسەر راستی و راستگۆیی لەنوسیندا، گیانی وردبینی و ئەندێشەی فراوانیان تێدا بەهێز بکات، تا بتوانێ بەجوانی بابەت هەڵسەنگێنن و وێنەی بکێشن.

13- ئەبێ مامۆستا وا لەخوێندکار بکات کە بڕوای بەخۆی هەبێ، واتە دوو دڵ نەبێ لەکاتی نوسینی وشەو رستەداو دوور بکەوێتەوە لەوشەی نارێك و بێ واتا.

14-پێویستە قوتابی وا فێر بکرێت کەدارشتنەکەی زۆر دوور و درێژ نەبێت، چونکە تا کورت و پڕواتاو پوخت و رەوان تر بێت، کاری گەرترە.

15- پێویستە گیانی لێبوردن و لێکۆڵینەوەو، ڕەخنەگرتن لەناو قوتابیەکاندا بەهێز بکرێت، لەپێناو دەرخستنی ناتەواوی نوسراو و پێگەیاندنی رەخنەگری لێهاتو و شارەزا بۆ پاشەڕۆژ.

16- پێویستە قوتابی لەکۆتاییدا چاو بەنوسراوەکەیدا بخشێنێت، هەتا بزانێ توانیویەتی بیری بابەتەکە بخاتەڕوو و دور نەکەوتوەتەوە لەئەسڵی بابەت،لێرەشەوە هەڵەکانیشی راست بکاتەوە، واتە جۆری گیانێکی رەخنەگرتن لەخودا بنیات بنێت.

## قۆناغەکانی وتنەوەی دارشتن

ئەو قۆناغانەی پێویستە پەیڕەویان بکەین لەدارشتندا بۆ دەرخستن و باسکردنی بابەتی دارشتن، پێویستە ئاگاداری ئەم قۆناغانەی خوارەوە بین، تا بابەتەکە بەرێکوپێکی وجوانی دەرکەوێت. پسپۆرانی پەروەردە بەتایبەتی (هێربرت) ی ئەڵمانی ئەم قۆناغانە بەبناغەیەکی بنەڕەتی دادەنێت بۆ گەیشتەن مەبەست.

1- قۆناغی ئامادەکردن.

2- قۆناغی کارکردن.

3- قۆناغی تۆمارکردنی بابەت.

4- قۆناغی راستکردنەوەی بابەت.

1- **قۆناغی ئامادەکردن:** پێویستە مامۆستا ئەو بابەتانە هەڵبژێرێت بۆ قوتابیەکان کەلەتوانایانـدا هەبێت، تا بەجوانی دەری ببڕن، یاخود لەگەڵ زمان و ئارەزوو ژیری و تەمەن و سروشتیاندا بگونجێ، بۆ ئەوەی وشەکان و بیرەکەیان وەك زنجیرەیەك پەیوەندی هەبێ بەیەکەوە، چونکە دارشتن لەسەر بناغەی بیرو دەربڕین وەستاوە، لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە لەپێشدا لەپۆلدا لەگەڵ قوتابیەکاندا بەتەواوەتی باسەکەیان شیکردبێتەوەو لەرەگەزەکانی تێبگەیێنین، واتە دەبێت مامۆستا ئامادەکاریەکیان لەسەر بابەتەکە بۆ دروست بکات، ئینجا داوای ئەوەیان لێ بکات لەسەری بنوسن.

2- **قۆناغی کارکردن:** پێش ئەوەی مامۆستا دەست بکات بەوتنەوی، ئەبێ لەوەو پێش بابەتەکەی هەڵبژاردبێ، کارێکی وا بسازێنێ کەئارەزو و جۆش و خرۆش لەقوتابیەکاندا ببزوێنێ، بۆ ئەوەی وانەی دارشتنیان بەلاوە خۆش بێت، وای بخاتە مێشکیانەوە کەئەم وانەیە لەگەڵ ژیان و پێویستی ژیانیاندا ئەگونجێ. مامۆستای وریا ئەبێ کۆمەڵە پرسیارێك لەمێشکیا تێپەڕ بێت، لەبارەی شێوەی پرسیارکردن و دەستپێکردن و کار بۆ کردنەوە، دەبێ زۆر وردبین بێت بەوەی کە:

ا_بزانێت کە ئەو لەو پۆلەدا رابەرو ئاراستەکەرە، بۆ دەرخستنی ئەو بیرانەی کەلەبابەتەکەدا هەن بەباشترین شێوە.

ب- ئەبێ مامۆستا زۆر لەسەرخۆ وهێمن بێت، نابێت تورەبێت لەهەڵەی قوتابیەکان و تەریقیان نەکاتەوە، چونکە سەریان لێ ئەشێوێت و زنجیرەی بیریان ئەپچڕێت، دەبێ بەدڵێکی فراوانەوە راست و ناڕاست وەربگرێ، لەپاشاندا هەڵەکان لەشوێنی خۆیدا راست بکاتەوە.

ج- مامۆستای وا هەیە گوێ بۆ وەڵامی پرسیارەکەی خۆی ڕاناگرێ، ئەمە ئەبێتە هۆی دروستکردنی کەمتەرخەمی و گوێ نەدان و گیانی کەمتەرخەمی لەناو قوتابیەکاندا پەرەئەسێنێ.

د- دەبێ مامۆستا وا لەقوتابی بکات، کەبتوانن بیر بکەنەوەو پشویان بداتێ بۆ بیرکردنەوەو هەست و رای خۆیان دەربڕن لەبارەی بابەتەکەوە.

هـ- ڕایان بهێنێ بۆ ئەوەی خۆیان لەو بابەتەی کەلەپۆلدا باسیان کردوە و بۆیان روون بۆتەوە بینووسن، نەك بچن لەسەر گۆڤار، یان کتێبێکی تر وەك خۆی بینوسنەوە.

3-**قۆناغی تۆمارکردن**:- تۆمارکردن و نوسینی بابەت و لەقۆناغی کارکردندا کار بۆ رەخسان و دروستکردنی کەش لەلای خوێندکار دەکرێت، پاش ئەوەی مامۆستا خۆی پێشەکیەکی کورت بۆ بابەتەکە روون بکاتەوە، لەپاشاندا بابەتەکە وەك تەوەرەیەکی لێبێت و، پرسیار لەقوتابیەکان بکرێت، تاوەکو بەتەواوەتی هەموو رەگەزەکان بچەسپێن، ئەو وەڵامانەی کەمامۆستا بەلایەوە جوان و پەسەندە لەسەر بابەتەکە، یان تابلۆکە دەینوسێ، پێویستە مامۆستا ئاگادار بێت کەزۆر لەناوەڕۆکی بابەتەکە دوور نەکەوێتەوە، لەپاش ئەوەی بابەتەکە لەلای قوتابی و مامۆستا روونبویەوە. بەشێوەیەکی گشتی رستەکان دەکوژێنێتەوە، ئەگەر پێویستی کرد رەگەزەکان لای خۆیان ئەنوسن. مامۆستا زانی هەموو لەپوختەی بابەتەکە گەیشتون، خوێندکارەکان لەپۆلدا دارشتنەکە دەنوسن، پێویستە لەکاتی نوسیندا مامۆستا سەرپەرشتیان نەکات بۆ ئەوەی بەئارەزو توانای خۆیان بینوسن. ئا ئەمە وایان لێدەکات کەقوتابی وا پەروەردە بکەین، کەبڕوای بەخۆی هەبێت لەبەکارهێنانی وشەو رستەی جوان و رەواندا.

4- **قۆناغی راستکردنەوەی بابەت**:- مەبەست لەراستکردنەوەو پیاچوونەوەی مامۆستا بەبابەتەکەدا لەبەر ئەم هۆیانەیە:-

أ-بزانێت شێوەی نوسینەکە چۆنە.

ب-بزانێت ڕادەی رۆشنبیری و کەسێتی و زانیاری قوتابیەکە لەچ پلەیەکدایە.

ج-تا چ رادەیەك لەرێزمان و ئەدەب سودی وەرگرتوە.

د-تا چ رادەیەك شارەزایی لەزمانەکەدا پەیدا کردوە، پیاچوونەوەو راستکردنەوەی هەڵە لەلایەن مامۆستاوە ئەرکێکی زۆر گرانە، بەڵام سووربوون لەسەر خزمەتکردن بەزمان ئەم ماندووبوونە ناهێڵێت.

ه- تا چ رادەیەك پێشکەوتوە، ئایا لەهەڵەکانی پێشوی سودی وەرگرتوە؟ هەوڵ ئەدات یان نا؟

## قۆناغەکانی راستکردنەوەی بابەتی دارشتن

**قۆناغی یەکەم:**

لەبەرئەوەی قوتابی یەکەمجار دەچێتە دنیای نوسین و دارشتنەوە، بێگومان کۆمەڵی کەموکوڕی هەیە، لەبەرئەوە دەبێت شێوازی راستکردنەوەش جیاواز بێت، لەپێناو رێنمایکردن و فێرکردنی شێوازی نوسینی بابەتێك، مامۆستا لەراستکردنەوەی بابەتەکەدا، یەکەمجار پلەی دارشتن دەکات بەدوو بەش، یاخود حساب بۆ دوو لایەن دەکات؛

**أ-بەشی بیروهەست و چۆنیەتی دەربڕین.**

**ب-بەشی وشەو رێکخستن و بەکارهێنانی رستەکان.**

**قۆناغی دووەم:** پاش ئەوەی شێوازو سیمای دارشتنی پێناسێنراو قۆناغێکی بڕی، دەبێت خاوەنی کۆمەڵێك کەرەستەو وشەی پێویست بێت، لێرەشەوە شێوازی راستکردنەوەو رەخنە گرتنەکەش دەگۆڕێت، بۆیە مامۆستاش لە راستکردنەوەی دارشتندا رەچاوی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

أ- پلانی نوسین و رێکخستن.

ب- رێزمان.

ت- وشەکانی لەجێی خۆی بەکارهێناون و واتا بەخشن.

ث- بیروباوەڕی نوسەرەکە کاریگەری لەسەر خوێنەرەکەی هەیە.

## چەند ئامۆژگاریەك بۆ مامۆستای دارشتن

1- لەیەکەم رۆژدا نابێت داوای بەرێکوپێك نوسین و بێ هەڵەیی بکات، یان لەماوەیەکی کەمدا هەڵەکان راستبکەنەوە، چونکە لەقۆناغی سەرەتایی دارشتندایەو دەبێت بەجوانی فێر بکرێت، نەك تاقیبکرێتەوە.

2- دەبێت بزانێت کەدارشتن بەچەند قۆناغێکدا دەروات، بەتایبەتی لای ئەو کەسانەی کەتازە فێر دەبن،بۆیە دەبێت بەچەند قۆناغێك مامۆستا فێریان بکات.

3- نابێت لەسەر هەڵەکان توندوتیژ بێت، بەڵکو سوربێت لەسەر راستکردنەوەی هەڵەکان و وایان رابهێنێت کەهەڵەکان دوبارە نەکەنەوە.

4- دەبێت ئەوەش بزانێت لەم قۆناغەدا (قۆناغی سەرەتایی) راستکرنەوەی دارشتن لەپێناو فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەو قوتابی، نەك بۆ راستکردنەوەو تاقیکردنەوەی، کەواتە نمرە لێرەدا سەنگی مەحەك نیە، بەڵکو شێوازی کۆششی مامۆستا سەبارەت بەفێرکردن تاکە پێوەری تێگەیشتن و فێربوونە.

5- دەبێت لەهەر قۆناغێکدا چ رێبازێکی گرتە بەر، بۆ هەموو قوتابیان ئەو رێبازە بگرێتە بەر.

## رێگاکانی راستکردنەوەو دانانی نمرەی دارشتن

مەبەست لەدارشتن پلە نیە، بەڵکو پێگەیاندن و پەروەردەکردنە. دارشتن بەرهەمی زادەی بیری ژیری مرۆڤە، هەر مامۆستایەك بەپێی بۆچونی خۆی پلەی لەسەر دادەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیانیە لەوپلەیەی کەبۆی دادەنێت، چونکە هەندێ مامۆستا تەماشای کۆشش و ماندوو بوونی قوتابیەکە دەکەن، هەندێك شوێن بنەرەتی بیری بابەتەکە دەکەون، یان دیمەنی وشەکان سەرنجیان رادەکێشێت، یا سۆزو ویژدانی خۆیان کار دەکاتە سەریان بۆ ئەوەی پلەکە زیاد لەپێویست نەبێت، یان کەمتر نەبێت، واتە دەکەوێتە ژێر کاریکەری سۆزەوە،

هەندێکیشیان لایان وایە قوتابی چەند نمرە بهێنێت ئەوەندە زاڵە بەسەر قوتابیان و بابەتەکەدا، کەلەهەموو ئەمەحاڵەتانەدا کرداری پەروەردە و فێرکدرن رەچاو نەکراوەو قوتابی لەقۆناغی فێربونەوە دەگۆڕێت بۆ رق لێبوون.

زانایان وای بەباش دەزانن کەمامۆستا پلە لەسەر دەفتەری قوتابی دانەنێت، یان بنوسێت(بینراوە، باشە، زۆر باشە) یان نیشانە وەك لەم خشتەیەدا دیارە دابنێن:

| | |
|---|---|
| A+ | 28 |
| A | 26 |
| A- | 24 |
| B+ | 22 |
| B | 20 |

لەبەرئەوەی ئامانج لەدارشتن توانا بەهێزکردنە، پێویستە مامۆستا تەنها نیشانە دابنێت لەکۆتایی بابەتەکەیدا،چونکە نیشانەکە لەلایەك گیانی ململانێ و گاڵتەپێکردن لەنێوان خوێندکاراندا ناهێڵێت، لەلایەکی ترەوە لەکاتی وەرگرتنەوەی نمرەدا خوێندکار رادەی زیرەکی نابەستێت بەو نمریەی کەلەو رۆژەدا وەرگیراوە .

هەروەها مەبەست لەراستکردنەوە، پەروەردەکردن و فێرکردنە نەك راستکردنەوە بۆ راستکردنەوە، و دەبێ نوسەرەکە راست بکرێتەوە، نەك نوسراوەکە، بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت خۆی هەڵەکانی چاك بکاتەوە، پێویستە راستی هەڵەکان لەپەراوێزی دارشتنەکە بنوسرێت.

| هەڵە | نیشانەکەی | هەڵە | نیشانەکەی |
| --- | --- | --- | --- |
| 1- بیری بابەتەکە | ب | 4- رێنوس | ن |
| 2-رێزمان | ز | 5-وشەی بیانی | و |
| 3-دەربڕینی لاوازو دووبارەکراو | د | | |

## رێگای وتنەوەی دارشتن

شێوازی وتنەوەی لەسەر بنچینەی ئەو رێگایانە وەستاوە کەپسپۆرو فەیلەسوف و زانایانی پەروەردە، لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ دایان ناوە، وەکو سوقرات،مۆریس، هربارت، فرۆیل، جۆن دیوی...هتد.

ئێمە دەبێ شارەزایمان لەشێوازی ئەو رێگایانەدا هەبێت، تا بتوانین رێگەیەکی راست بگرینە بەر لەکاتی وتنەوەی وانەدا، بەوەی بگونجێت لەگەڵ مەبەست و ئامانجماندا، بۆشمان هەیە دوو رێگا یا زیاتر تێکەڵ بکەین لەکاتی وتنەوەی یەك وانەدا، چونکە ئەم رێگایانە ئەگۆڕێت بەگوێرەی 1- قوتابخانە 2- پلەکانی خوێندن.

3- تەمەنی قوتابی 4- جۆری وانەکە.

## ئەو رێگایانەی کەلەوتنەوەی دارشتندا بەکار دێن بریتین لە :

**1- رێگەی پرۆژە 2- رێگەی وتنەوە ( راگەیاندن ).**

**4-رێگەی رەواندنەوەی گیروگرفت 4- رێگەی چەندوچونی کۆمەلایەتی 4- رێگەی پشکنین 6- رێگەی بەرئە نجامی 7- رێگەی چیرۆکی 8- رێگەی مۆریس.**

1-**ڕێگـــەی پـــڕۆژە (مشـــروع)** :- ئـەم ڕێگەیـە بـەگرنگترین و تـازەترین ڕێگـە دەژمێرێت لەپـەروەردەکردنی نوێـدا، بیرەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ زانایـانی سـەدەی (هەژدە و نۆزدە)، وەکو (ڕۆسۆ) ئەوانەی کەلەدوای ئەو هاتون ( هربارت، فرۆیـل) کـەداوای (سەربەسـتی قوتابیانیـان کـرد لـەکاتی فێرکردندا،چـونکە بەبنـەڕەتی چالاکی دادەنرێت )هـەروەها مامۆستایانیش ڕابـەرێ بن بـۆ ئـەوەی بتـوانرێ ئـەو چالاکیانە ئـەنجام بـدرێ، لـەپاش ئـەمان فەیلەسوفی ئـەمریکی (جۆدیـۆی) پـەرەی بـەم ڕێگەیـەدا (کلیـاترك) کـەقوتابی (جۆن دیـۆی) بـوو لـەکاتی پـەروەردەکردن و فێرکردندا بەکاری هێناوە ، ئامانج لەم ڕێگەیە ئەوەیە:

1-توانـاو کەسـێتی قوتابییەکـە بـەهێز دەکـات، 2- پەیوەنـدی نێـوان قوتابخانـەو کۆمەڵ دەبەستێ بەیەکەوە،3- قوتابی ڕادەهێنێت لەسەر ئـەوەی کـەبڕوای بـەخۆی هەبێ، بۆ دۆزینەوەی ئەو تەنگو چەڵەمانەی کەلەکاتی خوێندندا دێتە ڕێگەی.

چاکی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە ئـەگونجێ لەگـەڵ ئـەو پلانـەدا کەوێنـەی بـۆ کێشـراوە، لـــەوەو پـــێش بـــیری لێکراوەتـــەوە، هەســـتکردن بـــەبوونی گیروگرفتەکـــەو دەستنیشانکردنی بەتـەواوەتی، لەپاشـاندا دۆزینـەوەی ڕێگـە چارە. دەتـوانین ئـەم ڕێگەیە بەکاربهێنین بۆ گەلێ بابەت، بەڵام بەمـەرجێ لەگـەڵ 1- تەمـەن 2- توانـا 3- پلەی قوتابییەکەدا بگونجێ.

بۆ فێرکردنی زمان، یان باسی چیرۆکی درێژ بەکار دەهێنرێت، ئەم ڕێگەیە

1- سەربەسـتی تـەواو دەدا بـەقوتابی2- کەسـێتی بـەهێز دەکـات، 3- ڕێگـەی بیرکردنـــەوەی لێناگیرێـــت 4- ڕای دەهێنێـــت لەســـەر ئـــارام گـــرتن و گـــەڕان و بیرکردنـەوە، پـێش دەربڕینـی بـاوەڕو سـەپاندنی بەسـەریدا، ئـەمیش لەهەنـدێ ڕووەوە لاوازی هەیـە بـۆ هەنـدێ وانـە، ئەگـەر مامۆسـتا وریـا نـەبێت لەوانەیـە قوتابیەکان بەتەواوەتی گیروگرفتەکەیان بۆ دەرنەکەوێت. ئەم ڕێگەیـە لەسـەرەتادا لەکێڵگەکانـدا بـەکارهێنراوە وەکـو کشـتوکاڵ و ئـاژەڵ بـەخێوکردن، بـەڵام (جـۆن دیـۆی) توانیویـەتی وای لێبکـات کەلەسـەر بناغـەی، ئـەم تیـورە دامـەزرێت واتـا

(التعلم بالعمل) (فێرکردن بەئیشکردن).ئەم وتە بەنرخەشی بەبنچینەی (ڕێگەی پرۆژە) دادەنرێ لەفێرکردنی نوێدا.
(دیمۆنت) لەبارەی پرۆژەوە دەڵێت: لەبواری فێربووندا چاکترین خزمەتە، چونکە هەوڵی دۆزینەوەی مەبەست و ئامانج دەدات و کێشەکان چارەسەر دەکات، بەپێچەوانەی ڕێگاکانی تر کە وانەیەکی ئاسایی فێری قوتابی دەکات.

2-**ڕێگەی وتنەوە ( ڕاگەیاندن )**:- ئەم ڕێگەیە لەسەر بناغەی فەلسەفەی کۆن دامەزراوە، مامۆستا (تەوەرە -المحور) دەرخستنی بیرەکەو ڕونکردنەوەی بابەتەکەی پێسپێراوە، مامۆستا دەست دەکات بەراڤەکردنی بابەت و ئەنجامەکەی دەردەخات ، قوتابیەکانیش گوێی لێ ڕادەگرن) ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بێت دەینوسن، ئەم ڕێگەیە بۆ کۆلیجەکان بەکار دەهێنرێ، قوتابی بەلایەوە وەکو شوشەیەکی بەتاڵ وایە کەمامۆستا پڕی بکات لەو زانیارییانەی کەدەیزانێت، یان بۆی ئامادەکردون، بەلأم فەلسەفەی نوێ قوتابی بەتەوەرو بیرکەرەوەی ڕاست دادەنێ بۆ وەرگرتنی زانیاری نوێ، یا جێبەجێکردن و لێکدانەوەی (تەنگ و چەڵەمەی) ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ جار مامۆستا لەسەرەتای وانە وتنەوە ناچار دەبێت ئەم ڕێگەیە بگرێتە بەر بۆ دەرخستنی بیرەکەو بەستنی بە بابەتی پێشوەوە، تا سۆزو هەستیان ببزوێت و بۆ وەرگرتنی بابەتی نوێ ئامادەبن، ئەم ڕێگەیە چەند شێوەیەکی هەیە لەوتنەوەدا:

أ- دەبێت مامۆستا بابەتەکەی بەچاکی ئامادەکردبێت لەپۆلداو بەقوتابیەکانی بنوسێتەوەو داوایان لێبکات بۆ وانەی داهاتو لەبەرو ئامادەی بکەن. ئەم ڕێگەیە بۆ وتنەوەی دارشتن دەست نادات، چونکە زیان لەخوێندنەوەو ڕادەی قوتابیەکە دەدات و کاتی وانەکە بەفیرۆ دەروات، هیچ بیرکردنەوەو هاوبەشیەکی تیا نیە، جگە لەوە پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە، تا قوتابی بتوانێت لەبەری بکات و وای لێ دەکات کاتی نەبێ بۆ جێبەجێکردنی وانەکانی تر.

ب- مامۆستا دەست دەکات بەوتنەوەی بابەتەکە قوتابیەکانیش گوێی بۆ راگیر دەکەن. ئەم رێگەیە هیچ بوارێکی قوتابی نادات بۆ پرسیارو وتوێژکردن، هاوبەشی تیا نیە،ئەم رێگەیە بەکار دەهێنرێت بۆ ( گێرانەوەی چیرۆك).

گێرانەوەی چیرۆك بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتاییدا کەزۆر گرنگ و بەسودە، چونکە لەو تەمەنەدا قوتابی بەدڵ و گیان ئارەزوی گوێ راگرتنی هەیە بۆ باسی پاڵەوانی و روداوی ئەندێشەیی ئازاد... هتد، چونکە هەر لەمنداڵیەوە لەماڵەوە پێی راهاتوە، دەبێت گێرانەوەی بە شێوازێکی وابێت کەهەست و ئارەزوی گوێگرتن و تێگەیشتنی تیا ببزوێت و چەشەی تامەزرۆیی پێ ببەخشێ، ئەبێ مامۆستا زۆر وریا بێت، چونکە چیرۆکی زۆر درێژ دەماری هەستی قوتابی خاو دەکاتەوە و دەتۆرێ و تام لەچیرۆکەکە وەرناگرێت. هەروەها نابێ رووداوی بەشەکانی چیرۆکەکە ئەوەندە ئاڵۆزو بەیەکاچوبێت، سەر لە قوتابیەکان بشێوێنێت و نەتوانن بەیەکەوە گرێی بدەن. ئەم رێگەیە دەبێت مامۆستا لەسەرەتای وانەوە تاکۆتایی خۆی پاڵەوانی پۆل بێت. لەقۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا زۆر زیان دەبەخشێت چونکە:

1- قوتابی فێری تەمەڵی دەکات.
2- پشت بەوتنەوەی مامۆستا دەبەستێت.
3- هیچ بیرکردنەوەو هاوبەشی و چالاکی و کارکردن و گفتوگۆی تیا بەدی ناکرێت لەلایەن قوتابیانەوە، واتە گیانی بەشداریکردن دەمرێنێت.

3-**رێگەی دۆزینەوە :-** ئەم رێگەیە گرنگی دەدات بەپرسیارکردن لەقوتابیەکان و گوێگرتن بۆ وتنەوەی، تا بەتەواوەتی بابەتەکە روون دەبێتەوە. ئەم رێگەیە زیاتر بۆ وانەی تەندروستی و رەوشت و دارشتن بەکار دەهێنرێ، چونکە لەسەر بنچینەی بیرکردنەوەو دۆزینەوەی دامەزاروە، لەئاسانەوە دەست پێدەکات بۆ گران. مامۆستا وەکو رابەرێك وایە هانیان دەدا و ئاراستەیان دەکات، تا بتوانن بیر

بکەنـەوە، بـاری سـەرنجیان رادەکێشـێت بـۆ دەرخسـتنی ڕەگـەزەکانی بابەتەکـە، تـا ئەگەنە ئەنجام و مەبەست.

## باشی ئەم ڕێگەیە

أ- لەوشـــەیەکەوە، یـــان لەرســـتەیەکەوە وردە وردە هـــەموو بابەتەکـــە رون دەبێتەوە.

ب- توانای بیرکردنەوە لەقوتابیەکاندا بەهێز دەبێت.

ت- گەلێك شتی نوێیان بۆ دەردەکەوێ کەلەوەپێش نەیان دەزانی.

## ڕێگەی هەڵسوکەوت ( طريقة الخطأ والصواب ):-

ئـەم ڕێگەیـە پێویسـتی بەکۆشـش و مانـدوبونێکی زۆر هەیـە لەسـەر بنچـینەی (پەلەنەکردن لەپێناو راستکردنەوە هەڵەی قوتابیـدا دامـەزراوە دامـەزراوە، لەسـەر ئـەو بڕوایـەی ( هـەر هەڵەیـەك کـەقوتابی بیکـات لەئەنجامـدا بەسروشـتی خـۆی راسـت دەبێتـەوە، یـا ئـەو هەڵانـە وردە وردە ون دەبـن) ئـەم ڕێگایـە بـە ( ڕێگـەی سروشــتی) ناودەبرێــت، چــونکە مــرۆڤ لەکۆششــی سروشــتدا هــەموو راســت و چەوتێکی بۆ دەردەکەوێت. بۆ نمونە : ئەگەر مامۆستا ماوەیـەك بـەردەوام دەبێـت لەســەر وتنــەوەی دارشــتن، لــەپاش چــەند دارشــتنێك ئەگــەر قوتــابی ســەرنج لەنوسراوەکانی پێشوی بدات، راست و چەوتی خۆی بـۆ ئاشـکرا دەبێـت. باشـی ئـەم ڕێگەیــە لەوەدایــە مامۆســتا مانــدو نــابێ بەراســتکردنەوەی هەڵــەو بردنــەوەی دەفتــەری قوتـابی بـۆ ماڵـەوەو کـاتی لێناگرێـت، لاوازی لەوەدایـە ئـەو قوتابیانـەی ئاستیان نزمە، ئەگەر مامۆستا رابـەرییان نـەکات بـۆ راسـتکردنەوەی هەڵەکانیان، بـەردەوام دەبـن لەسـەر هەڵـەکردن و بەنـەزانی دەمێننـەوەو زیـان لـەفێربوون و پەروەردەکردنیان دەدات.

پلانی وتنەوەی وانەیەکی نمونەیی و کارەکی:

| لق | وانه | پۆل | قوتابخانه | مێژوو | رۆژ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| أ | دارشتن | دووەم | كوردستان | /1/2<br>2003 | سێشەمە |

رۆژ.....پۆل......لق

/ / .....پۆل .....دارشتن.. وانەی....

﴿ كردار و رەوشتی چاك، هەوێنی ئاسودەیی و ئارامی مرۆڤن ﴾

1-**ئامانجی گشتی :-** راهێنانی قوتابی بۆ بیركردنەوەو دەربڕین بەشێوازێكی راست و ڕەوان و شۆڕبونەوە بۆ ناو ناخی بیری بابەتەكان.

2-**ئامانجی تایبەتی :-** راهێنانی قوتابیە لەسەر نوسین و توانا دەربڕینی خود، لەگەڵ راهێنانی بۆ شیتەڵكردنی رەگەزو خاڵە گرنگەكانی بەجوانی.

3-**هۆكارەكان :** وێنە و زەمینە رەخساندنەكان.

4-**خستنەروو :** مامۆستا هەوڵی ئەوە دەدات كەپوختەی بیری بابەتەكە بە گوێی قوتابیەكاندا بدات و سەرنجیان رابكێشێت بۆ ئەوەی ئارەزووی وەرگرتنی وانە نوێیەكەیان هەبێت، دواتر پاش نوسینی ناونیشانی دارشتن، دەرگای چوونە ناو بابەتەكەوە والآ دەكات و كۆمەڵی پرسیارو وروژاندن و گەلآڵەكردنێكی بیری دروست دەكات .

بۆ نمونە : ( مرۆڤ)

مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە لەجیهاندا؟ مرۆڤی رەوشت بەرز، بەهۆش و ژیرێتی و بەهرەداری، خزمەتگوزاری نیشتمان و مرۆڤایەتی دەكات، داهێنەرە، رەوشت بەرزە، بەتوانایە، بلیمەتە، چوست و چالاك و كۆششكەرە نرخی هەموو كەسێكی لایەو دڵپاك و خۆشەویستە. مرۆڤی بەدرەوشت، بێبارە، بێ دەستەلآتە، بەدزمانە بێكارە تەمەڵە. بەكورتی مردووەو نانی زیندوو دەخوات.

**تێبینی**:- بۆ تەواوکردنی هەنگاوەکانی وتنەوەی بابەتەکە سەرنج (لەو قۆناغانەی کەپێویستە پەیڕەوییان بکەین لەبابەتی دارشتندا) بدە.

## ڕەگەزەکانی بابەتەکە :

(کردارو ڕەوشتی چاك هەوێنی ئاسودەیی و ئارامی مرۆڤن).

پاشان لەگەڵ قوتابیەکاندا وەڵامی ئەو ڕەگەزو پرسیارانە دەداتەوە کەلەسەر تەختە نوسراون، یاخود باسکراون، لەگەڵ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکدا وەڵام ئەنوسرێت، تاوەکو هەموو ڕەگەزەکان تەواو دەبن، دواتر مامۆستا لەگەڵ خوێندکاراندا بەسەر بابەتەکەدا دەچنەوەو زمان و پەیوەندی لەنێوان وەڵامدانەوەی ڕەگەزەکان و وەڵامدانەوەی دروست دەکەن و لەگەڵیدا ڕەچاوی ڕێنوسی نوێ و خاڵبەندی دەکرێت.

-بۆچی ئیشکردن سەربەرزییە؟

-چۆن ڕەوشتی جوان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی گەل؟

-ڕاستە مرۆڤی ڕەوشت بەرز ڕاستگۆو دەست پاکە؟

-ئایا مرۆڤێکی خاوەن ڕەوشت پەیمانێکی دا دەیباتە سەر؟

- بۆچی مرۆڤی تەمەڵ میکرۆبی ناو کۆمەڵە؟
- بۆچی بێکاری خراپەی لێدەوەشێتەوە؟
- ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵ هەست بەلێپرسینەوەو ئەرکی سەرشانیان نەکەن وڵات چی بەسەر دێت؟
- وەکو قوتابییەکی دڵسۆز چۆن تەقەلا دەدەیت بۆ بەرزکردنەوەی کردارو ڕەوشتی جوان؟
- وتەیەکی بەنرخ، پەندێکی پێشینان، یان هۆنراوەیەك بهێنەرەوە لەسەر ڕەوشتی جوان، یا کارکردن، یان...
- نوسینی چەند بابەتێکی دارِشتن بەقوتابیان و هەل لەپەیمانگادا و هەڵسەنگاندنی دارشتنەکان بەکردار و قسەلەسەرکردن لەنێوان خوێندکاران و مامۆستادا.

## تێبینی:

1- دەبێت هەموو ئەم پرسیارانە وەڵام بدرێنەوەو بەشێوازێکی ئەدەبی و جوان دابڕێژرێتەوە، بەمەرجێك رەچاوی مەرجەکانی نوسینی دارشتنی تێدا بێت (سەرەتا، ناوەند، کۆتایی)و خاڵبەندی و رێنوسی نوێ.

2-دەبێت مامۆستای وانەی دارِشتن لەم قۆناغەداو لەم شوێنەدا هەموو مەرجەکانی بەکردار فێرکردبن، جگە لەمەش، دەبێت بەکردار لێیان دڵنیابێتەوە، بۆیە هەر لەم پلانەدا گفتوگۆیەکی تەواو لەسەر شێوازی نوسینی دارِشتن و زمان و بەکارهێنانی وشەو نمونە هێنانەوە( پەند، شعر، هتد...)بکرێت.

3-ئەم شێوازی وتنەوەیە تاوەکو قۆناغی ناوەندیش درێژەی هەیە، واتە لەقۆناغی ئامادەیدا خوێندکار پشت بەخۆی دەبەستێت لەنوسینی دارِشتندا.